# تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشەکە

**هێمن زەندی**

٢٠١٨

MÊXEK

پرۆژەی چاپی کتێبی مێخەک

زنجیرەی کتێب: ( ١٦ )

***

**بەڕێوەبەری ناوەند:** سۆران خالد

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە:** شـۆڕش غەفووری




---


**کتێب:** تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشەکە

**بابەت:** کورتیلە چیرۆک

**نووسینی:** هێمن زەندی

**مۆتیف:** قەرەنی جەمیل

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (١٥٤١) ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە.**

**چاپ:** یەکەم-٢٠١٨


---



**مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ کتێبفرۆشی (مێخەک) پارێزراوە.**


---


mexekbooks@gmail.com ٠٧٥٠٤٦٥٧٤٣٩ facebook/ktebfroshymexak

# پێرست


تیچاوێک ٤
سرنجێک ٦
کڵاو ٧
مێش ١٢
سی چرکە ١٧
خەوی دوو ساڵە ٢٠
ئالوودە ٢٧
ڕەنگەکان ٣٣
تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشەکە ٣٩
باجی خەوبینین ٤٧
چایخانە ٥٣
خەون ٦١
دەفتەری کار ٦٧
وانەی مێژوو ٧١
مانگەشەو ٧٩
مامۆستا و خشتەکەی ٨٥

## پێشکەشە بە دایکە سۆزدارەکەم

که هەمیشە لە تێڕامانی چاوەکانیدا

چیرۆکی نووقم بووەکان هەڵدەهێنجم.

# تیچاوێك

من هەمیشە ئەو ڕایەم هەیە کە شاعیران ئەگەر بابەتی چیرۆک و ڕۆمان بنووسن، جوانی دەنووسن. (هێمن زەندی)یش پێش ئەوەی چیرۆک بنووسێ شیعر دەنووسێ و بەردەوامیشە ئەمەش بەڕای من لەبەر ئەوەیە کە شاعیران لە کاری چیرۆکنووسیدا زمانە شیعرییەکەیان یارمەتییان دەدات و دەقی جوان دێنە بەرهەم، ئەمە ئەو کاتە هەر تەواو ڕاست دەردەچێت ئەگەر لە پاڵ زمانە شیعرییە جوانەکەیان بابەت و ناوەرۆکی بەهێزیش بکەنە بنەمای چیرۆکنووسین.

هەست دەکەم (زەندی)یش لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا توانیویەتی ئەو زمانە شیعرییە بکاتە بنەمای نووسینی چیرۆکەکانی و لە هەمان کاتیش لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە بابەتی ئەمڕۆ هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی خەڵکە.

- چیرۆکەکانی لە دارشتندا سادەو ساکارن، بەڵام قووڵ و پڕمانان.

- زمانــی نووســینی چیرۆکەکانــی کوردییەکــی پەتی و بــێ گرێ و چڕو پاراوە، نووســەر درێژداڕی لە گوزارشت و پێکهاتەی ڕستەدا نەکردووە.
- چیرۆکەکانی لەســەر زوبان خۆشــن و خوێنەر زوو تێیان دەگات، واتە چیرۆکنووســی ئەوەندە بە ســاکاری و بە شێوەیەکی هونەری و زمانێکی سفتوســۆ چیرۆکەکانی نووســیوە کە منی خوێنەر لە خوێندنەوەی بێزار نابــم، چونکە چیرۆکنووســی وا هەیە کە چیرۆکێکــی دەخوێنیتەوە لێی بێتاقــەت دەبێــت و حەز ناکەیت چیرۆکەکانی تــری بخوێنیتەوە، چونکە داڕشتنی و مەبەستی شاردراوەی دەقەکە لای خوێنەر ڕوون نییە، بەڵکو پڕە لە غموز و بە تەمومژ داپۆشــراوە، بەڵام چیرۆکەکانی هێمن زەندی وا نین، ئەو چیرۆکانەشــی کە هێمادارن و مەبەستی سیاسییان لە پشتە دواجار:
- چیرۆکەکانــی ئەم کۆمەڵە چیرۆکــە خوێنەر وا لێدەکات کە چیرۆکێکی خوێنــدەوە، واز لــە چیرۆکەکانــی تــر نەهێنــێ و خوێنەر حــەز دەکات چیرۆکەکانی تریش بخوێنێتەوە.
دەستخۆشــی لە هێمن زەندی دەکەم و هیوادارم لە نووســینی چیرۆکدا سارد نەبێتەوە و بەردەوام بێت و زیاتر پەرە بە بەهرەی نووسینی خۆی بدات و ســوود لە ئەزموونی چیرۆکنووسانی دنیا و خۆمانەش وەرگرێت.
- خوێنەری خۆشەویست، ئەوە تێروانینی خۆمە بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، تۆش ئازادیت و مافی خۆشــتە ڕای جیاوازت هەبێت، یان قســەکانی من ڕەت بکەیتەوە.

سابیر ڕەشید

هەولێر ٢٠١٨/٦/٢١

# سرنجێك

سڵاو کاک هێمن..

مـن هەمـوو دەقەکانـم خوێنـدەوە. لەوە تێگەیشـتم کە تـۆ خەیاڵێکی فراوانت هەیە. دیارە خەیاڵیش گرنگترین ڕەگەزە بۆ نووسـینی چیرۆک. چیرۆکـی کڵاو بەلامـەوە هیچ خەوشـێکی تێـدا نییە و بـۆ بڵاوکردنەوە گونجـاوە. کارەکتـەرەکان ناویـان نییە، کە ناو لە خۆیـدا هەڵگری واتا و دەلالەتـە. ئەگـەر کارەکتەرێک ناوی نەبێ واتە ڕۆڵـی گرنگی نییە تا شایانی ئەوە بێت ناوی هەبێت.

شـوێن گرنگی پێ دراوە، بەڵام کات و گۆڕانی کات ئەو گرنگییەی نییە. من هەست دەکەم تۆ زمانەکەیشت باشە. خۆ دیارە دەشێ بڵێین ئەدەب بە گشـتی گەمەیە بە زمان. چیرۆکیش ڕسـتەی کورت و چڕی گەرەکە، کـە مانـای لە خۆیـدا هەڵگرتبێ. مـن داوای سـەرکەوتن و بەردەوامیت بـۆ دەکەم کە تۆ دەبیتە یەکێک لە چیرۆکنووسـەکانی ئەم سـەردەمە. لەگەڵ ڕێز.

محەمەد فەریق حەسەن



**کڵاو**

ئەوەش ببوو بەوەهمێک لەلای، هەروەک وەهمەکانی تر، کە لەلای ببوون بە هەقیقەت.

چۆن بۆ یەکەم جار وەهمی ئەوەی لا دروست بوو، لە هەرسێ هەنگاودا دەبێ هەنگاوێک بکشێتەوە!!

یان دۆخین نابێ لەدوای بەستنەوەی کەمەری، بیخاتەوە ژوورەوە، نەوەک نێرایەتی بخنکێنێ..!!

یان جگە لە ئاوی باران هیچ ئاوێک بۆ خۆشوشتن نابێ!

هەمیشە بەشێوەیەکی جەنجاڵ لەگەڵ فیکر و زیهن و ئەندێشەیدا گێژ و وڕ و کاس بوو. دەنگێک لە ناوەوە بە بەردەوام پێی دەگوت کوا کڵاوەکەی باپیرەت؟

سەردەمێک بوو بەدوای کڵاوەکەی باپیرەیدا سەرگەردان بوو، لەهەموو کەسێکی دەپرسی، ئەو کڵاوە ببوو بە فریادڕەسی جەنجاڵییەکانی. بۆیە

بەهــەر نرخێک بێت دەبێ ئەو کڵاوە جادووییەی باپیرەی بدۆزێتەوە.
زۆربــەی شــەوەکان باپیرەی دەهاتە خەونیەوە، پێــی دەگوت رۆڵەگیان بیدۆزەرەوە. بەخەونەکانی باپیرەی زیاتر گیرۆدە و عەودالّی دۆزینەوەی کڵاوەکە ببوو، هەرکڵاوێکی چڵکنی بۆری کۆنی لەســەر کەسێک بدیبایە؛ وازی لێ نەدەهێنا، تاکو لێی وەردەگرت و لەسەری خۆی دەکرد، لەدوای تۆزێک ســەری گران دەبوو، بۆ خاوەنەکەی دەگەڕاندەوە و دەیگوت هەو نەبوو.
خەڵکانێــک رۆژانــە کڵاوی خۆیــان دەدایــێ و دوای کەمێــک لێیــان وەردەگرتەوە.
ئــەو کڵاوەکــەی باپیــرەی دەناســیەوە، دڵنیابــوو لەگەڵ لەســەرکردنی کڵاوەکە هەموو شــت دەگۆڕێ، چونکە یەکێک لەو شەوانەی کە باپیرەی لەلای میوان بوو لێی پرســی بوو.
- باپیرە؟
- بەڵێ رۆڵەکەم
- گەر کڵاوەکە بدۆزمەوە و لەســەری خۆمی بکەم چی ڕوودەدات؟!
- رۆڵــە گیان، هەموو شــتێک دەگۆڕێت، خەڵــک بەڕووتی دەبینی، جگە لەجەســتەکانیان، ناخیــان، بیرکردنەوەیــان، ئامانجیــان، هەموو شــت دەبینی. دەزانی نیوەڕۆ چی دەخۆیت، شــەو لەکوێ دەخەویت، ئەوسات منیــش هێندە ماندوو نابم، هێندە بەدوات ناگەڕێم لەم کوچە و کۆڵانانە، شــوێنت دەزانم هەموو شەوێک دێمەوە لات، تا بەیانی بەیەکەوە دەبین، هیــچ ناترســی، بــۆ خۆمان باس و خواســی هــەردوو دونیا بــۆ یەکتری دەکەین.
کوڕی شــیرینم، ئەو کڵاوە هەر هێندە نییە، بەڵکو لەســەرما و ســۆڵەی زســتان دەتپارێــزێ، لەگەرمــای بەتینی هاوینەی ســەر ئەو شۆســتانە، لەقاژو قیژی منداڵەکان کە بەســەرتا دەقیژێنن. لەپەلوکە بەردەکانیان،

لــە قاقای ئەو هەرزەکارانەی کە رۆژانە بەرۆکت بەرنادەن، فێرت دەکات چۆن خۆت بپارێزی، دەزانی کەی ئەو جیهانە جێدەهێڵێت و بۆلای من دێی، هەموو ئەو شوێنەوارە کۆنانەت پێ دەڵێت کە باپیرانمان بەدەیان تەلیسـم و جادووەوە شـاردوویانەتەوە. ئـەم ئاڵتونە نایابانەی لەمیراتـی شـازادەکاندا بەجێ مـاون، تاج و تەخت و کورسـییەکانیان. شتی زیاتریش.

***

زێڕنگرەکـە قەپەنگـی دوکانەکـەی هەڵدایـەوە و خەوەکـەی پچڕانـد، بەسـەری داهـاواری کرد و گوتی: شـەوێکی تر لێرە بتۆپی سـەگتۆپت دەکەم. ئەویش بەهێواشی و بەبێ ورتە هەڵساو رۆیشت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەگەر کڵاوەکەی باپیرەم لەسـەربایە تۆش ئەو پیاوە نەبووی بـەم شـێوەیە لەگەڵم بدوێـی. هەمدیس تا ئێـوارە چەندین کڵاوی تری تاقیکردەوە و دایەوە خاوەنەکانیان. چەند پاروە نانێکی دەست کەوت، لەهەموو رۆژانی رابردوو زیاتر بەلەزتر چاوەڕوانی هاتنی شـەوی دەکرد، بۆ ئەوەی باپیرەی شوێنی کڵاوەکەی پێ بڵێ و لەو چەرمەسەری ژیانەی رزگاری بکات.

بـێ ئاگا لەوەی زێڕنگرەکە پاسـەوانەکانی شـەوانەی بازاڕەکەی ئاگادار کردۆتـەوە و پـارەی داونەتـێ بـۆ ئـەوەی لێـی نەگەڕێن لەبـەر دەمی دوکانەکەدا بخەوێ. لەدوای چەندین جار تکا و پاڕانەوە لەپاسەوانەکان، بـۆ ئـەوەی رێی پێبدەن لەوێ بخەوێ، کەچی ئـەوان هەر پێی پێکەنین و لێـی نەگەڕان بەتەنها جارێک، دەقیقەیەکیش لەوێ پاڵکەوێ. دەیگوت تەنهـا ئەمشـەو لـێ بگەڕێن لێرە بخـەوم، چونکە ژووانـم لەگەڵ باپیرم هەیە.

وەڵامی ئەوان تەنها پێکەنین بوو، دەیانگوت: تا ئێستا تەنها کڵاو بوو، کەچی باپیرەشی هاتۆتە سەر.
ئەو شەوەی یەکێ بوو لەشەوە هەرە ناخۆشەکانی ژیانی، چونکە دەیزانی باپیرەی وا لەوێ چاوەڕێی دەکات کەچی ئەو نەچووە بۆلای.
هاواری دەکرد باپیرە گیان لێم ناگەڕێن بێمە لات. هەتا بەیانی وێڵ و سەرگەردان بەنێو کوچەو کۆڵانەکانی شار دەسووڕایەوەو هاواری دەکرد باپیرە.. لێرەم.

***

بەیانی چووە لای زێڕنگرەکە و داوای لێکرد تەنها دوو خولەک گوێی بۆ بگرێت. زێڕنگرەکە بە بزەوە گوتی: فەرموو بزانم چیت دەوێ!!
گوتی بەس ئەمشەو لێم بگەڕێ لەبەر دەمی دوکانەکەت بخەوم، تا باپیرەم ببینم و شوێنی کڵاوەکەم نیشان بدات. کە دیتمەوە بەڵێنت دەدەمێ بەقەد دووکانی هەموو ئاڵتوون فرۆشەکانی شار، ئاڵتوونی نایابی کۆنینەو گرانبەهات دەدەمێ.
زێڕنگرەکە دایە قاقای پێکەنین و دراوسێکانی لێ کۆکردەوە. ئەویش بەبێ وەستان قسەکانی خۆی دووبارە دەکردەوە..، جار لەجار، بەدەنگی بەرزتر. ئەوانیش جار لەجار. بەدەنگی بەرزتر پێی پێدەکەنین.

٢٠١٧/٨/٢ ـ هەولێر




**مێش**

یەکەم جار بوو، سـەری خۆی لەسـەر پشتی خۆی ببینێ. بۆیە ئەستەم بـوو بـاوەڕ بەو راسـتییە بـکات. پێشـووتر، چەنـد جارێک ئـەو جلە پڕتەقالییەیـان لەبـەر کردبوو. لەدوای دەمامکـدان و خۆ ئامادەکردنیان بـۆ بەردەمی کامێرا، لەگەڵ دەنگی ئەکشـنی کامێرامانەکەدا و لەدووای خوێندنـی چەنـد ئایەتێـک، چەندین تەکبیـر لێدان بە وشـەی ئەڵڵاهو ئەکبەرو تێسـووانی شمشـێرەکەیان لەملیدا، کامێراکەیان دەکوژاندەوەو ئەویشـیان لـەدوای گۆڕینـی جلوبەرگەکانـی بـەرەو ژووی زیندانەکـە دەگەڕانـدەوە. ئەمجارەیـان جیـاواز بوو، ئەوکاتەی سـەریان لەسـەر پشـتی دانا، ئینجا هەسـتی بە جیاوازییەکان کرد لەبەر ئەوەی شمشـێر بەدەسـتەکە بەدەنگی بەرزتر ئایەتەکانی دەخوێندەوە و کامێرامانەکەش هیچ جارێک لەجارەکانی پێشـوو، خەریکـی دانانی ڕووناکییەکان نەبوو. تەنهـا ئەمجارە پێـش هێنانی بۆ هۆڵەکە دەسـت نوێژیان پێ هەڵگرت، دوو رەکات نوێـژی سـوونەتیان پێکـرد، تەنیا جار بـوو پێش پێکردنی

کامێراکـە پەرداخێـک ئـاوی بدەنـێ. پێی سـەیر بوو کاتێک شمشـێر بەدەسـتەکە بـۆی دەگریا، لەگەڵ دانانی سـەری جوداکراوی لەلاشـەی ئـەو چاوەڕوانی ئـەوە بوو جلەکانی لەبـەر دابکەننـەوە و بیگەڕێننەوە ژوورەکەی، کەچی ئەمە رووی نەدا. خەوێکی قوڵ دایگرت، بەشێوەیەک لەشـی قـوڕس کردبوو هیـچ ئەندامێکی جەسـتەی پـێ نەدەجووڵایەوە و پێڵـووی چاوەکانیشـی بەهەمـان شـێوە، خەوەکـەی جیـاواز بوو لە خەوهاتنەکانـی هەمـوو خەوەکانـی پێشـوو. لـە خـەوی ئـەو جارەی، وردە وردە، بەرچاوەکانـی تەمێکی سـپی دایدەپۆشـی، لەجیاتی پەردە رەشـەکەی لەخەوە ئاسـاییەکانیدا بەرچاوەکانی دەگرت. هێشـتا تەواو نەکەوتبووە قووڵایی خەوەکەی هەستی بە حەسانەوەیەکی سەیر دەکرد. حەسـانەوەیەک، کـە هەرگیز پێشـووتر بەم چەشـنە نەحەسـابێتەوە. لەنینۆکی پەنجەی پێیەکانی بگرە تا دەگەیشـتە ئەو چەند تاڵە مووەی بەسـەریەوە مابوونەوە، هەسـتی دەکرد مووەکانی جەستەشی دەخەون، تـاک بەتاکی ئەندامەکانی جەسـتەی ئارام دەبوونـەوە، هەریەک بەجیا خـەوی لێدەکـەوت، خەوێـک هەرچی ئـازار بـوو لەنێویـدا ون دەبوو. لەدواترپەکانـی لێدانی دڵی ئـاگادار بوو. خەوەکەی وەک گەردەلوولێکی بەخوڕ لەبیابانێکدا بەسـەر خانەکانی مێشـکی پەرش و بڵاو دەبوونەوە. لەنێو گەردەلوولەکەدا مێشێکی زەبەلاحی بینی، مێش چەندەیە بەرامبەر بەجەسـتەی مرۆڤێـک!! رێـک بەپێچەوانـەوە. ئەو بەقەد مێشـێک بوو بەرامبەر جەسـتەی مێشـەکە!یەکەم جار بوو مێشـی وا گـەورە ببینێ. لەسەروکەللەی راما، هەستی بە هەیبەت و شکۆی مێش کرد، بەگەورەیی چ جـۆرە ترسـێکی هەیـە. داوای لێبووردنی لە مێشـەکە کـرد، بەهۆی هەڵکێشانی سەری چەندین مێش، کە بەمنداڵی سەریانی لەلاشەیان جیا کردبـووەوە. گەردەلوولەکـە تەواوی خانەکانی مێشـکی داگرت و کەوتە خەوە قووڵەکەوە.

٢٠١٨/١/١٠ ـ هەولێر



**سی چرکه**

سـی چرکە مابوو، گڵۆپە سـەوزەکە داگیرسـێ، ئەویش، ملی ڕێگەکەی بگرێت. خۆیشی نەیزانی ئەو بیرە ئاڵۆزەی بۆ لەلا دروست بوو. پێشووتر زۆرجـار لێکدانـەوەی بۆ تەمەنی خۆی دەکرد، تەنها سـی سـاڵی ماوە، چونکـە بیری لەو کەسـانە دەکردەوە، کە تەمەنیان لەسـەرووی حەفتا ساڵن. لاتەریک و پەککەوتە و تەنیا دەمانەوە، وردە، وردە هاوڕێکانیان کـەم دەبوونەوە، وەک وشـکە دارێکی داتەپیوی کلـۆری بێ پەڕ و پۆ، لەنێو باخسـتانێکی بەهاری و ئاوەداندا.

هەرگیز وای بۆ نەدەچوو، تەنها بەسی چرکە وێنای سی ساڵی لەژیانیدا پێ بکرێت، بەڵام بێ ویسـتی خۆی ئەمە روویدا، لەسەیرکردنی گڵۆپەکە ببوو بە سی چرکە. لە چرکەی بیست و نۆدا تەواو چووە نێو خەیاڵەکەوە و توانی بەسـەرکەوتووانە بڕیار بدات کە بەڵێ ئەمە پێوانەیەکی دروست و تەواوە! لەچرکەی بیست و هەشتدا، چەندین ئەکشنی سەرەتای ژیانی بەسـەر کـردەوە و تام و بـۆی رابـردووی هێنایەوە زەینـی. لەچرکەی


بیســت و حەوتدا یەکەم ریشتاشــین و لێدانی قۆلۆنیاکەی بیر کەوتەوە، چاوەکانی پێ لەســەر گڵۆپەکە گواســتەوە و ســەیرێکی ئاوێنەکەی نێو ماشــێنەکەی کرد و دەســتێکی بەڕیشــە ســپییەکەی داهێنا. لەچرکەی بیســت و شــەش دا، یەکــەم هەســتکردن بە چرکە ســاتی ئــازادی بیر کەوتــەوە، کــە خــۆی ئاخنیە هەمــوو ژیانیــەوەو نەیهێڵا هیــچ چێژێک لەژیانــی لاوێتیــدا ببینێ. نیوەی ژیانی لێ بەهەدەر بدات و لەهەموو ئەو چێژانــەی کــە هاوتەمەنەکانی لەژیان دەیان چێشــت ئەو لێیان بێ بەش بێ. ئازادییەک لەپێناو یەکســانی و بەیەکەوە ژیان. ئەوا دیســان چەند ســاڵێکی تــری لێ قــۆرخ کردو بێ ئاگای کردەوە، چرکە ژمێرەکە ســاڵ ژمێرەکەی لێکرد بە نۆزدە.

لەچرکــەی هەژدە، یەکــەم ماچی بیرکەوتەوە لەتەمەنی هەژدە ســاڵیدا، ئــەو مانگە شــەوەی هاتــەوە بیر، کە پرشــنگی چاو و پرشــنگی مانگ لەســەر رووخساری مانگەکەی بەردەمی، لێوە لەرزەی بەدوو رۆحی نوقم لە ئەوین و پڕ لەتەوژمی لاوێتی کردبوو. بەڵێ، ئەو ماچەی کە بۆ ئەبەد دووبــارە نەبــووەوە. وەکــو منداڵێکی ســەرما بردە بەپەلــە بوو بۆ ناو باوەشــی دایکی، چرکەکانی لە ساڵ درێژتر بوون.

لەچرکەی نۆهەم بوو، کە بۆنی مێخەکی مل و باوەشی دایکی سەراسیمەی کــرد. هەرچەنــد دەیکرد لەو جیهانەدا شــتێک نەبوو چێژی مانەوەی پێ ببەخشــێ، کەســێک نەبوو چاوەڕوانــی بکات. دوا بــزە و زەردەخەنەی باوکی هاتەوە بیر، کاتێ لەســەرە مەرگدا بۆ باوەشــی ئاسمان پێکەنی. ئێســتا زانــی، ئەو بزە بەپێزەی باوکی چەنــد مانا بەخش و چەند نزیک لەرۆحەوە هەڵقوڵابوو. کە گڵۆپە سەوزەکە داگیرسا. دەنگی هۆڕینەکانی دەوروبەری، شــەقامەکەیان پڕکرد لەدەنگ و سەدا و ژاوەژاو.

بــەڵام خۆش بەختانە ئەو گوێی لەهیچ دەنگێک نەدەبوو.

**مانگی یانزەی ٢٠١٧ ـ هەولێر**




# خەوی دوو ساڵە

دەمێک بوو هەستی بەوە کردبوو، نە منداڵەکان لە یارییەکانیاندا هاوەڵی دەکەن، نە پیاوانیش لە دانیشتنەکاندا قەبولی دەکەن و دەیدوێنن.

وەک هەموو هەرزەکارێک لە بۆشایی نێو بازنە داخراوەکەیدا سوڕی دەخوارد.

کە سەیری ئاوێنەی دەکرد، سەری سوڕ دەما، لەگەورەبوونی لووتی، لەدەرپۆقیوی قورقوڕاگەی. کە گوێبیستی دەنگی خۆی دەبوو بیری ئەو دەنگە ناسکە خنکاوەی بەر لەچەند مانگێک دەکرد، لەنێو نێربوونی ئەو دەنگەی ئێستایدا.

هەستی بەگۆڕانی بۆنی جەستەی خۆی دەکرد، لە سەرشۆریندا، کە بەرووتی لەخۆی دەڕوانی، وای هەست دەکرد، هەموو هێز و گوڕوتینی جەستەی لەخالێکەوە گەشەی کردووەو کۆبۆتەوە کە دەبێتە چەقی

لاشــە، ئەو ئەندامە هەمیشــە بەگوڕوتینەی کە هەرگیــز لەمەوپێش بەم شێوەیە نەیبینیوە.

نەیدەزانی سروشــتی هەموو کەس وەهایە، وایدەزانی کەســێکی تایبەتە.

تەنیا ئەو، بەدەر لەشــێوەی سروشتی فســیۆلۆژی جەستەی گەشەیەکی ناسروشتی کردووە.

ئەقڵ و هۆش و گەشــەی لەو شــوێنەدا کۆبۆتەوە، هەستی بەبۆشاییەکی گەورە دەکرد لە ژیانیدا، بەدوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشــاییە دەتلایەوە.

وەک نێرییەک لە شاخ و بەندەنان دا بەدوای بازی سەرکێشی و لاساری کردن، لەگەڵ سروشتدا هەنگاوی دەنا.

تامەزرۆییەکی بێســنوور، خەیاڵ و بیری داپۆشــیبوو، هەمیشە خەوی بە رەنگی سوورەوە دەبینی.

ســەرەتای پاییز بوو، ئاســمان تیشــکی خــۆری لە نێو هــەورە رەش و پڕەکانی مەلاس دابوو، بە شــنەبایەکی پێش باران، خەریکی بەخشــینی مژدەی هاتنی باران بوو، بەزەوی تێنووی ببەخشــێ.

وردە وردە پــڕژەی بــاران دەهــات و بایەکــی بەهێزتــر هەڵــی دەکــرد، سروشــتی چاوەڕوانی بۆنە خۆشەکەی دوای بارانەکە بوو.

لەو ســاتە وەختە دەگەڕایەوە ماڵەوە، لەبەر گوڕوتینی تەوژمی بایەکە، کە سەری لە بارانەکە شێواندبوو وەک گێژەلووکە دەیخستە سەر زەوی، بە ئاســتەم سەری پێ بەرز دەکرایەوە. چاوەکانی نیمچە کراوە و نیمچە نووقاو بوون.

حریتــە و قیژەی تێکەڵی کچەکە ســەری پێ هەڵبــڕی. بینی، مەنیژۆپە رەشەکەی بەر کچەکە، لەخۆشی باو و باران خەریکە باڵدەگرێ، ئەویش لەتــاو قژی بەربڵاوی بەوە راناگا مەنیژۆپەکەی بــە پەنجە بلوورییەکانی

هێور بکاتەوە.

ئەو چەند چرکەیە بوو بە بەنج و خەوی دووساڵەی داهاتووی تەمەنی. بۆ ئەوەی هەموو تاسەو حەزە خنکاوەکانی ناخی بەم دیمەنە ئەفسانەییە خاڵی بکاتەوە.

مەنیـژۆپ وا بـەرز ببووەوە و هەڵدەسـووڕا، دەتگوت لەسـەماکارییەکی لێزانەوە، لەناوازەترین تەختی شانۆی سێرک و سەماکارییە جیهانییەکاندا هەڵدەسووڕێ.

یەکەم شوێنی کە بینی، مایۆیەکی سووری ئاڵی چوار دەور نەخشێندراو بەگـوڵ لەرەنگی خـۆی، بەژیانی دیمەنی ئـاوای نەبینیبوو، چۆن دەبێ پێست هێندە سپی بێ!!

ئـەو سـمتە شـەڕ خـوازە، بـۆ لەقەفـەزی مایۆکـەدا نەحەجمـاون، وا دەرپەڕیوون بۆ دەرەوە!!

کاتـێ سـەیری خوارتری کرد، زیاتر شاگەشـکە بوو پێیـەوە. رانەکانی بینی. وای بۆچوو، ئەو سـمتە هی ئەو جووتە رانە نییە. بەڵکە پێیەوە لکێنـدراوە. هـەم لەبەر پانی و هەم لەبـەر دەرپەڕیویان لەمایۆکەدا زۆر گەورەترن، ناشـێ لەسەر ئەم جووتە رانە بووەستن.


نەیدەزانی سـەیری کوێی بکات، لەژێر سـمتەکانەوە تا چۆکەکان لەوێوە بۆ بەلەکە لەقەند چووەکانی و بۆ دووبارە سـەرکەوتنەوە.

ئەو لەتاو تێکهەڵقژانی قژی، خۆی دەسـوڕاندەوە، ئەویش لەتاو هەڵپژان و ورد و خاشبوونی هەوەسی، حەزی لە هاوارکردن بوو، بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، قووتووی ئالاتە هەندەسـەکەی نێو لەپی وردو خاشکردووە. هەڵدەسوڕا. مایۆ سـوورەکەی بەچەشنێک هاتە بەرچاو، وایدەزانی بۆی پێدەکەنێ.

پارچەیەکی تورتی خورتی سێ گۆشەیی، لەنێوان رانەکانیدا.

هەر لەدۆشاوی رژاو دەچوو لەنێو بەفردا. ئەسەف بایەکە ئارام بووەوە و پەردە رەشـەکەی مەنیژۆپ شانۆی داخست.

**مانگی دوانزەی ٢٠١٧ ـ هەولێر**



**ئالوودە**

چەند رۆژێک بوو سپێدە کە هەڵدەستام، لەبالکۆنی هوتێلەکە دادەنیشتم. بەدەم خواردنەوەی کوپێک قاوەوە، سەیری دیمەنەکانی دەستپێکی ژیانی ڕۆژانەی شارەکەم دەکرد. وەک هەمیشە دیمەنەکانی دووبارە بوون.

بایسکیلەکە، پیرەپیاوە سیدارە بەسەرەکە لێی دەخوڕی. پاسەکان یەک لە دوای یەک لەوێستگەکە دەوەستان.

خەڵکەکە وردە وردە سەردەکەوتن، هەریەک بۆ شوێنی کاری خۆی گوزەری دەکرد.

ڕۆژنامە فرۆشەکە، کۆمەڵە ڕۆژنامەکەی بە باوەشیەوە نووساندبوو، بەمەچەک و دەستی چەپییەوە گرتبووی، وەکو دایکێکی خاوەن کۆرپەیەکی شیرەخۆرەم دەهاتە بەرچاو، لام وابوو، هەواڵەکانی نێو

ڕۆژنامەکە هێور دەکاتەوە.
گەنجەکە لەدووکانی جلفرۆشییەکەی، شووشەکانی دەسڕپیەوە، جار جارە لێیان دوور دەکەوتەوە، لەدوای تێڕامان و بینینی شـوێنە لەکەدارەکان، دەستی بەکارەکەی دەکردەوە.
حەشیشخۆرەکە، لەسـەر کورسییە کۆنکریتییەکەی نێو پارکەکە بەئاگا دەهـات، دوای کەمێـک خۆ لێککێشـانەوە، سـەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکرد و دەڕۆیشـت، بەدوای بەشـە حەشیشـی ڕۆژانەکەی سەرگەردان دەبوو، دەبوایە مشووری بخوات.
پیرێژنەکـە، توولـە سـەگەکەی بـەدوای خۆیدا پەتک کردبـوو خەریکی وەرزشەکەی بەیانیانی بوو.
ماتۆڕسـیکلەکان لـە پێشـی پێشـەوەی مارسیدسـە ڕەشـە شووشـە ڕەشـەکەدا بەشێنەیی دەڕۆیشـتن، گەر جووڵەی ئاڵا بچکۆلانەکانی سەر ماتۆڕسـیکلەکان نەبوایـە، سـوێندت دەخـوارد ئەوانە یـەک پارچەن و بەیەکـەوە نووسـاون، وەهات وێنا دەکرد، تابلۆیەک بن بەشـەقامەکەوە نووساون و شەقامەکە دەڕوات.
کتێبفرۆشـەکە، پێـش هەمـوو دووکانەکانی تری دەوروبـەری، دەرگای دوکانەکەی واڵا دەکرد.
وەکـو ڕۆژانـی تر لەسـەر کورسـییەکەی دانیشـتبوو، کتێبێکـی لەنێو دەسـتەکانی دابـوو. خەریکی خوێندنەوە بـوو. دوو ڕۆژ لەمەوبەر چووم بـۆ لای، کەمێـک لەلای مامـەوە. کورتـە گفتوگۆیەکمان لەگـەڵ یەکتر ئەنجامدا.
چەند خەسڵەتێکم لێ وەرگرت..
دەربـارەی خوێندنـەوە، گوتـی: من کردوومـە بە ئـەرک، ڕۆژانە لەچل بـۆ پەنجـا لاپەڕە بخوێنمەوە، کە سـاڵانە دەکاتە نزیکەی سـەد کتێب، نزیکـەی دوو ملیۆن وشـە، ئەگەر لەسـەدا یەکی زانیارییـەکان نوێ بێ

لام، هێشــتا دەکاتە بارتەقای کتێبێکی تەواو لەنوێخوازی و ژیانکردنێکی دروســت، بۆ ئەوەی ئەگەر ســودێکیش بەکۆمەڵگایەکــەم نەگەیەنم هەر زیانم بۆی نەبێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا شۆڕشــێکە.

مــن وەکو هەنگویــن دەڕوانمە پەرتووکەکانم، شــەمێیەکەی هەڵدەگرم و شیلەکەشیان هەڵدەمژم.

پاککەرەوەی ژوورەکانی هوتێلەکەم بینی..

لە دواوەی ماتۆڕســیکلەکە دابەزی، وەک ڕۆژانی تر، لەگەڵ شــوفێرەکە ماچێکیــان لەلێوی یەکتر کردو شــوفێرەکە، بەکەیــف و زەوقەوە، وەک هەڵفڕیــن بەچەنــد خولەکێک لەچــاو ون بوو، ئەویش لەدوای ڕۆیشــتنی مەعشوقەکەی هاتە نێو هوتێلەکە.

***

یەکســانییەکی ســەیرم لەژیان بینی، لەهەڵمژینی هەناســەی مرۆڤەکان، هەمووومان پڕ بە ســییەکانمان هەناسە هەڵدەمژین..

دەخەوین و خەون دەبینین..

خۆراک دەخۆین..

پۆشاک دەپۆشین.

لەدایک دەبین..

دەمرین..

پیاوەکەی نێو مارسیدســە ڕەشــەکە، هەمان کێشــەی حەشیشخۆرەکەی نێــو پارکەکــەی هەیە، بەڵــێ هەمووومان بەدوای بەشــە حەشیشــەکەی ڕۆژانەمان سەرگەردانین.

پیرەژنەکەش بەو بەیانییە وەرزش دەکات بۆ ئەوەی پێنج و دوو ڕۆژێک زیاتر بژیت.

ئەگەر ئەو ژەمە حەشیشــە نەبێت، ئەوا کچە جوانەکە لەماتۆڕسیکلەکە دانابەزێــت، چونکە بــاوەش و لێوی خۆشەویســتەکەی گەرم و گوڕتر و خۆشــترە، لەپاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی سەرچەف و ژوورەکەی من.
منیــش ئەمریکانۆیەکەی بەردەمم، وەکو وەرزشــی پیرێژنەکە، ژیانم لەلا شیرین دەکات..
بۆیە دەینۆشــم، ئێمە هەموومان ئالوودەین بە حەشیشی ژیان.

٢٠١٥ ـ ئەستەنبۆڵ



ڕەنگەکان

لەبەر ئاوێنەکە وەستابووم، بۆ ئەوەی ریشم بتاشم. دەبووایە بەجوانترین و شـــیکترین شێوە خۆم پۆشتە بکەم و بچم بۆ هەڵبژاردن.

هێشـــتا خۆم بۆ یەکلا نەکرابـــۆوە، دەنگ دەدەم بە کامە رەنگ. لەوڵاتی ئێمە دەبێ رەنگ هەڵبژێرین. حەزم دەکرد وەکو ئەو خەڵکە رەنگێک لە ڕەگی دەمارو ئێسقانەکانمدا چەسپێندرابێ.
سروشـــتم وەکو گوێرەکەو نەهەنگی دەریا بووایە هەموو رەنگێکم بەرەش و سپی بینیبایە.
تەنها سوور نەبێ، وەکو کۆی خەڵک، جگە لەو رەنگە چۆتە نێو ئێسقان و دەمارەکانی، رەنگەکانی ترم بەرەش و ســـپی بینیبایە.
کەفی ریشتاشینم لە ریشم هەڵدەسووی، هێدی هێدی گۆرانیم دەچڕی. لە دووبارەبوونـــەوەی کارەکەم راهاتووم، ئەگەر خەیاڵیشـــم بەلایەکدا بڕوات

پرۆسـەی کارەکەم بەسروشـتی دەڕوات. کاتێ دەزانم ریشـم تاشیووە و لێبوومەتەوە.
مرۆڤ بوونەوەرێکی سـەیرە، لەگشـت کارێک رادێت، هەرچەندە کارەکە گران و ئەسـتەمیش بێت، بیرم لەچەند کارێکی مەحاڵ دەکردەوە. بەڵام بۆ!!
پەڵـە خوێنێکم بینی لەسـەر روومەتم، لەدوای سـڕینەوەی؛ مەحاڵەکان گەڕانەوە هزرم.
بیـرم لەمرۆڤکـوژەکان دەکـردەوە، دەمگـوت لەوانەیـە وەکـو کارە سـاکارەکانی کـە دەیکەیـت، لای ئەوانیش بەهەمان شـێوەی کارەکەی خۆیان پێ سـاکار بێت!! بیرم لەکاتـی خەوتنیان دەکردەوە دەبێ چۆن بخەون!؟
هەرخۆم وەڵامی خۆم دەدایەوە، دەمگوت ئەمەش پیشـەیەکە، هەروەک پزیشـکەکان پیشـەیان رزگارکردنی جەسـتەی مرۆڤە لەمەرگ، بەهەمان شێوە مرۆڤکوژەکانیش، پیشەیان رزگارکردنی رۆحە لەجەستەی مرۆڤدا. هەسـتم بەجیـاوازی کـرد لـە رووخسـارمدا، لەگـەڵ جارانی پێشـوو. لەهەوەڵەوە گوتم: هیچ نییە، خۆم گومان بۆخۆم دروسـت دەکەم.
بـەڵام کـە لەئاوێنەکـە وورد دەبوومـەوە گومانەکانـم رووە و راسـتی دەچوون.
من هەر چۆنێکی دەستم، یان سەرم یان چاوەکانم دەجووڵاند ئاوێنەکە، یـا چاکتر بڵێم، منی ناو ئاوێنەکە وەکو من رەفتاری نەدەکرد.
چەنـد جـارێ تاقیم کردەوە، بەهەمان شـێوە دەسـتم بەرز دەکردەوە، کەچی لە ئاوێنەکە دەستم بەرز نەدەبووەوە، رووم وەردەگێڕا، ئەو رووی وەرنەدەگێڕا!!!

چاوەکانم داخست..

زۆر شـڵەژام، ترسـێک دایگرتم، پێم وابێ تاکو ئەو ساتە هەرگیز هێندە نەترسابم.

هەستم بەخێرایی لێدانی ترپەکانی دڵم دەکرد خەریک بوو لەو قەفەسە تۆکمەیـە راکاتـە دەرەوە، قورگم وشـک هـەڵات، هەسـتم بەگەرمییەک دەکرد لە رووخسارمدا.

چەند چنگە ئاوێکم بە رووخسـارم داکرد و قومێکم بۆ زارم برد، دەم و زارم تەڕ کردەوە و دەمویسـت هێور ببمەوە.

دووبـارە لەچاوەکانـم رامـام. لەچەنـد چرکەیـەک زیاتـر نەمدەتوانـی سـەیری گلێنەکانـی ئاوێنەکە بکـەم. گیانم دەکەوتە لـەرزە، مەکینەی ریش تاشـینەکەم لەدەسـت کەوتە خوارەوە بۆ نێو دەستشۆرەکە. هێزو گوڕوتینم دا بەخۆم و گوتم:

– هەڵبژاردنە.

بـێ هیچ وەڵامێک، دیسـان چاوەکانـم داگرتەوە، ئاوێکـی ترم بەدەم و چاوم داکرد، دووبارە سـەیرم کردەوە و گوتم:

– دەنـگ بدەم بە کامە رەنگ؟! کامیانت پێ چاکترە؟!

هیچ وەڵامێکی نەبوو.

بەناچـاری تا هێزم تێدا بوو هاوارم کرد و گوتم:

– قسـەیەک بکە، دەنگ بدەم بەکێ. کام رەنگ؟!

چاوەکانم لە چاوەکانی بڕی. هەموو گیانم دەسـتی کرد بەلەرزین.

هەتـا هێـزی تێدابوو شـەقەزللەیەکی سـرەواندە روومەتی لای راسـتم، گوێچکەم لەگەڵی زرینگایەوە، گوتی:

– دەنگ دەدەی؟!

- نەخێر

لــەو رۆژەوە بەڵێنــم بەهەمــوو رەنگەکانــدا چیتــر پەنجەی شــایەتمانم نەخەمە نێو مــۆری دەنگدان، تا ئەوکاتەی رەنگ هەڵبژێردرێت لەجیاتی مرۆڤەکان.

**٢٠١٤ ـ هەولێر**



**تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشەکە**

ـ فەرمــوو کاکە دابەزە ئێرە هەوە. (پارەکەیم دایێ و سوپاســیم کرد.) بــەرەو ئەپارتمانەکــە هەنگاوم نــا. چوومە ژوورەوە بۆ نێو پرســگەکە، وەک هەموو دامودەزگاکانی تر دەبووایە لە نۆرە بوەســتی بۆ پشــکنین و وەرگرتنــی بــاج و پرســیارە بــێ ماناکانــی تری وەک. بــۆلای کێ؟. مۆبایلەکەت بێ دەنگ بکە؟!

هەموو ئەو رۆتینە پڕ لەســەر ئێشــە و ناپێویستانەی کە رۆژانە دووبارە دەبنەوە، منیش لەنۆرەکەی خۆم وەستام.



لەم جۆرە نۆرەیە، دەبێت تەنها چاو لە دەوروبەر بگێڕیت، لەبەر ئەوەی لەچەند چرکەیەکدا، هەنگاوێک دەچیتە پێشــەوە، بۆیە کەلکی خەیاڵاتت نییە. ســەیری پەنجەرەکەم دەکرد، کە بەســەر شــەقامە سەرەکییەکەی دەڕوانی، پێش کەمێک خۆم لێی دابەزی بووم، هەر ماشێن بوو دەوەستا و یــەک دووانێکــی لێ دادەبەزی. ماشــێنێکی مۆدێل بــاڵا گەنجێکی لێ

دابەزی، قژی بەجۆرێک ئارایش کردبوو منداڵیم هاتەوە بیر کە لەترسی رشک و ئەسپێ قژیان هەڵدەقاچی و پێی دەوترا قاقۆڵ.

ماشێنێکی تر مۆدێل زۆر کۆن تەنها لە فیلمە کۆنەکان بینیبووم، گەنجێکی لێ دابەزی مۆدێلی جل و بەرگی بۆ هەمان زەمانی ماشێنە کۆنەکە دەگەڕایەوە. ئەوەی سەرنجی راکێشام، هەر جۆرە ماشێنێک لەکامە سەردەم بوو، خەڵکەکەی لێی دادەبەزی هی هەمان سەردەم بوو. پەیتونێک وەستا، کچێکی شەبقە لەسەری ناسکی باڵا بەرزی لێدابەزی، بەکراسێکی سپی بووکەڵانەی زۆر نایاب، دەستەسڕەکەی دەستی لەمابەینی دوو پەنجەیدا، دەتگوت ئەم دەستەسڕە سورەی بە پەنجەکانەوە نووساوە لەگەڵ روخسارە جوانەکە و کراسە کلۆشەکەی زۆر گونجاو بوو، ئەویش دەهات بۆ ژوورەوە، پێش ئەوەی بگاتە پرسگەکە نۆرەی من هات. نەمتوانی چیتر ئاوڕ بدەمەوە.

- بۆ کوێ دەچیت؟
- دەچمە ژوورەوە
- دەزانم دەچییە ژوورەوە، بۆ لای کێ؟!
- کەسێکی دیاریکراوم نییە، بەڵام هەندێک پرسیارم هەیە بۆیە لەبەڕێزتان داواکارم و دەمەوێ بەکەسێکم ئاشنا بکەیت بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە.
- ژووری سەدو پێنج!
- سوپاس.



چوومە ژوورەوە، گەیشتمە رێڕەوێک، وەکو ناو لەپی دەستی مرۆڤ وابوو، چونکە لەسەری رێڕەوەکە دەبوو بە پێنج رێڕەو، لەهەر رێڕەوێکیش چەند ژوورێک هەبوو. سەرم بەچەندین ژوور داگرت، لەدوای دوو کاتژمێر لەگەڕان بەدوای ژووری سەدو پێنج دا، سەیرم کرد لە هەمان شوێن بووم کە لێوەی هاتبوومە ژوورەوە. ماندوو و شەکەت ببووم، لەدەستە

چەپی ڕێڕەوەکە، نزیک لەپرسگە، قاوەخانەیەک هەبوو، چوومە ژوورەوە کەسی لێ نەبوو. قاوەدانێک دانرابوو، زانیم کە دەبێ خۆت قاوە بۆخۆت تێبکەیت. بەدەم قاوە خواردنەوە سـەیری دیـواری قاوەخانەکەم دەکرد چەند تابلۆیەک هەڵواسـرابوو. هەر لەیەکەم تابلۆوە سەرنجی ڕاکێشام و پەلکێشی کردم بۆ لای خۆی، لەژێر هەر تابلۆیەکیش نووسینێک هەبوو، لەژێر نووسینەکەشـدا نووسرابوو (وتەی ئەمڕۆ).

- تابلۆی یەکەم:

نیچە، بەسمێڵێکی گەورە و گڤ و چاوێکی کز، پەڕۆکێکی بەنێوچەوانیەوە بەسـترابوو. لەژێرەوەشـی نووسـرابوو. ئەمـڕۆ ژانە سـەرەکەم چاکترە لەدوێنێ.

- تابلۆی دووەم:

کامـۆ، دەمـی ببـوو بەکەوانێک و زمانـی وەکو تیرێـک لەکەوانی دەمی هاتبـووە دەرەوە، سـەری زمانـی چەپکێک گوڵی نێرگـزی پێوەبوو. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسـرابوو؛ بوو بەشەسـت و چوار سـاڵ هێشـتا لە وشەی یاخی نەگەیشتوون؟!

- تابلۆی سێیەم:

نەسین، قا..قا. پێدەکەنی و دوکەڵێک لەدەمی دەردەچوو بۆنی سووتانی جگەری لێوە دەهات. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا هیچ نەنووسـرابوو.

- تابلۆی چوارەم:

مارکس، پەنجەکانی لەنێو ریشە پڕو بۆزەکەیدا نوقم کردبوو. لە (ووتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو

ئەمڕۆ سـەندەویچێکی زیادەم بۆ بهێنن (ئادەم سمیت) میوانمە.

- تابلۆی پێنجەم:

ئەنیشـتاین، خـۆی و قژە بژەکەی و سـیما خەندەدارەکەی، بەدەسـتی ڕاسـتی سڵاوێکی کردبوو لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو.

ئازیزان، دوو هەزارو شــەش ســەدو ســی و دوو، ئەنجامی پرسیارەکەی دووبەیانیمە.

- تابلۆی شەشەم:

خەیام، دەفری شــەڕابی بەدەســتەوە بوو، ئەوەی لام سەیر بوو، یەکەم جــار بــوو ببینم خەیــام پێ بکەنێ لــە (ووتەی ئەمڕۆ)یدا نووســرابوو، بەسەلامەتی ئاشنایان.

- تابلۆی حەوتەم:

ســوکرات، ســەیری خۆر ئاوابوونی دەکرد، خەڵکێکــی زۆری لەبەرامبەر وەســتابوو، هەموویــان پشــتیان لەخۆر ئاوابــوون کردبــوو. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو:

خەڵکینــە زۆری لــێ مەترســن ئەویش چێژێکی خــۆی هەیە. (لام وابوو مەبەستی مردن بوو)

- تابلۆی هەشتەم:

لیۆنــاردۆ داڤینچــی، بەرووییێکی گەش و ســیمایەکی بەشــەوق دەتگوت هەرگیز نە رۆژێک لەرۆژان برســی بووە نە ئاشــق. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو:

ســاڵی ئایندە جادووی وێنەکەی مۆنالیزاتان بۆ بەیان دەکەم.

- تابلۆی نۆیەم:

گاندی، خەریکی چنینی پۆشاکی بوو، لای چەپی چاویلکەکەی بەلاستیک لەگوێچکەی بەســتابۆوە. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو.

ئەمــڕۆ خواردنم بۆ مەهێنن، پارچەیەک لە کولێرەکەی دوێنێم ماوەتەوە.

- تابلۆی دەیەم:

ئەمەیان لە هەموو تابلۆکانی تر زیاتر ســەرنجی منی راکێشــا و پێم وایە لای تــۆش وادەبێ. ئیمامی شــافعی و ئیمامی ئەحمەد بەجلی وەرزشــی مشــتەکۆڵەی بۆکسێنەوە. لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووسرابوو

مژدە. مژدە. بەیانی یاری کۆتایی بۆکسێنە لەنێوان ئەم دوو زاتەدا، گەر دەتەوێت راســتەوخۆ بەشدار بیت لەسەیرکردنی یارییەکە، بۆکڕینی بلیت پەیوەنــدی بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە بکە.

بەدەســت خۆم نەبوو، هێندە تامەزرۆی بینینی ئەم یارییە بووم، زەنگم بــۆ یەکــێ لە ژمارە تەلەفۆنــەکان لێدا. داوای کڕینــی بلیتم کرد. گوتی ببــوورە بەداخــەوە بلیت نەماوە، گەر پەیوەنــدی بەیەکێ لە بریکارەکان بکەیــت. کۆمەڵێــک کۆمپانیا کۆی بلیتەکانیان کــڕی، بوون بە بریکاری سەرەکی، ئەمەش ناوەکانیانە.

خەواریج گرووپ، سەلەفی هۆڵدینگ، مەدخەلی کۆ، محەمەد عەبدولوەهاب و هاوبەشــەکانی. هێشتا ناوەکان تەواو نەببوو، خەریک بوو حەفتاو دوو کۆمپانیام بۆ بژمێرێ، کەچی پەیوەندییەکەم پچرا بەهۆی نەمانی یەکە، هەرواشــە، لەکاتی زۆر پێویست بالانسی مۆبایل خەجاڵەتت دەکات.

- تابلۆی یازدەهەم:

ئەتــا تۆرک، لەســەر کورســییە ســەیرەکەی خــۆی دانیشــتبوو، کە لە کەللەســەری سوڵتانەکان دروســت کرابوو، زمانی یەکێک لە سوڵتانەکان بەشــێوەی مارێک لەملی ئەتاتۆرک ئاڵا بوو.

لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووســرابوو، خەریکە دەمخنێکنێ.

- تابلۆی دوازدەهەم:

رەزا شــا، خۆیی و جلە بەزێر داپۆشــراو و پۆشــتەکانی دەستی راستی بەرز کردبۆوە تا نزیک ئاســتی سینەی کردبووی بەمشتەکۆڵە.

لە (وتەی ئەمڕۆ)یدا نووســرابوو، کەس ماوە ماچی بکات؟!.

وتەکــە بــەرواری کۆنی لەســەر بوو، دیار بوو چل ســاڵ بوو، ئەم وتەیە دووبــارە دەبووەوە .ســەیری کوپــی قاوەکــەم کرد، دەمێک بــوو تەواوم کردبوو، کوپە خاڵییەکەم فڕێدایە شــوێنی دیاریکراو و کەوتمەوە گەڕان بەدوای ژووری سەد و پێنج. رێڕەو بەڕێڕەو بەدوای دا دەگەڕام، کەمێک

ئاشـنای ژمارەکان ببووم، لەدوای گەڕانێکی زۆر گەیشـتمە بەر دەرگای ژووری سـەدو چـوار، کـەس لـە ژوورەوە نەبـوو تاکو لێی بپرسـم کوا ژووری سـەدو پێنج. ناچار گەڕامەوە پرسـگەکە، یەکێکی تر لەشـوێنی ئەو کەسـە دانیشـتبوو کەمن پێشتر بینیبووم. لێم پرسی: بەڕێزم من لە بەیانییەوە لە ژووری سەدو پێنج دەگەڕێم کەچی نەمدۆزیەوە. تا ژووری سـەدو چواریش چووم بەڵام کەسـی لێ نەبوو پرسـیاری لێ بکەم، گەر ئاسـانکاریم بـۆ بکەی سوپاسـگوزار دەبم، گوتی بەڕێـزم ئەگەر تا دوو بەیانی تریش بەدوای ژووری سـەد و پێنج بگەڕێی نایدۆزیتەوە.

– بۆ نایدۆزمەوە؟!!

– چونکـە ژووری سـەدو پێنجمـان نییە، دوا هەمین ژووری ئێمە سـەدو چوارە!!

– ئـەدی ئەو برادەرە بۆ وای بەمن گوت؟!

– منیش هەروات پێدەڵێم.


– چیم پێ دەڵێی؟!

– دەڵێم برۆ بەدوای ژووری سـەدو پێنجدا بگەڕێ!

لەرقی ئەم سـوکایەتییە بەبێ هیچ قسـەیەک لەپرسـگە هاتمە دەرەوە، دەرگاکـەم بەتونـدی بـەدوای خۆمـدا راکێشـایەوە. زۆر بەخێرایـی لە ئەپارتمانەکە دوور کەوتمەوە. نووسراوی سەر ئەپارتمانەکەم خوێندەوە. (زانکـۆی ژیان) ئەو زانکۆیەی، لەکاتی تەواوکردنی وانەکانی، تێدەگەیت کە یەک ووشە فێر بوویت. ئەم وشەیەش (هیچ). ئینجا زانیم پرسگەکە بۆ گوتی ژوری سەدو پێنج.

٢٠١٤ ـ هەولێر

لە رۆژنامەی هیچ بڵاوکرایەوە لە بەرواری (٢٠١٦/١٢/١) ژمارە شـەش



**باجی خەوبینین**

لەپڕ دەنگی دەرگای حەوشــە هات، گوێم هەڵخســت تا دووبارە لە دەرگا درایەوە.

بەم رۆژە پشــووە، لەم پێش نیوەڕۆیە، تەنها بیرم بۆ دوو ســێ دراوسێ چوو، دەنا مۆدێلی میوانی ناوەخت نەماوە، ترسام دووبارە کاک عەبدوڵڵا بێت بۆ گلەیی دەنگی موەلیدەی گەڕەک هاتبێتەوە، بیەوێ لەگەڵ خۆیم بباتەوە لای خاوەن موەلیدە.

یاخــود کاکە هەورازی خۆشەویســت بێــت بەخۆیو منداڵــە ئاقڵەکانی. هەرکاتێــک دێــن بــۆ ســەردانی کردنمــان، خەڵکەکــە وادەزانــێ مــاڵ دەگوازینەوە، چونکە ئاتاڵی لەســەر پاتاڵی نامێنێ. خوا بکا سەوزەخان نەبێــت!!! دووبــارە بە مۆدێلێکی قژ رەنگکــراو و مارکەی جلەکانی، دوو هەفتە شــەڕ لەماڵی ئێمە ناکوژێتەوە.

دەڵێن ئەوەی لەمشــک بێ جەواڵ درە، کچە بچووکەکەشــی وەک خۆی وایــە. قەڵــەم و دەفتەری دونیام بۆ کچەکەم کڕیــوە، کەچی هەر دەڵێ باوکە ئەوەی نازەی کچی پوورە ســەوزە چاکترە.

بــۆ دەرگاکە چووم بیکەمەوە، وەک هەمیشــە ســەرپاکانم دیار نەبوون، جگە لەتاکێک. ناچار تاکێکی سەرپای خۆم و تاکێکیش سەرپای دایکی مناڵەکانم خســتە سەرپێ و بەرەو دەرگاکە چووم کردمەوە!.

ســەرەتا وامزانی بەرامبەر ئاوێنە وەســتاوم، ســەیرێکی دەورووبەرم کرد، سەیرێکی سەرپایەکانی خۆم کرد، کەچی ئەوەی لەبەرامبەرم وەستابوو، جوتــێ پێــڵاوی رەشــی لەپێدابــوو. دڵنیا بــووم کە من نیم لــەدەرەوە وەستاوم، بەڵکو ئەوە منم کە دەرگاکەم کردۆتەوە و سەرپایەکی تاک و تاکی هەریەکە و لەجۆرێکم لەپێدایە.

- فەرموو قوربان؟!

- خاوەن فەرمووبی. ە ە ە زۆر شــڵەژاوی؟! شێوەی یەکتری دەکەین؟!

- بەڵێ هەر زۆریش!!!

- تازە ئەم جیرانەشتان هەروای پێوتم، ئەم خاتوونەی سەری کوچەکەش بەهەمان شێوە.

من لەگوێگرتن زیاتر هیچی ترم پێنەدەوترا هەر خۆی هاتەوە قســەکردن و پرسی:

- رۆژی چەند ژەم دەخۆی؟

- سێ

- چەند کاتژمێر دەخەوی؟!

- هەشت.

- هەشت و سێ دەکاتە چەند؟!

- یانزە

- هـ هـ هـ. رێک کاتژمێر یانزەی تەواویشــە

گوتم جا ئەو شـتانەی تۆ دەیڵێی چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە؟!
- هەوڵبدە لەسـێ ژەم زیاتر نەخۆیت، گەر لە سـێ ژەم زیاترت خوارد هەوڵبـدە خـەوت کەمتر بکەیتـەوە، یان کە لەسـێ ژەم کەمترت خوارد هەوڵبـدە زیاتـر بخەویت، باشـیرازەی ژمارەکانت تێـک نەچێت، کامەت زیادکـرد ئـەوی تر کەم بکە، کامەت کەم کرد ئەویتر زیاتر بکە.
قسـەکانم پێی بڕی و بەدەنگێکی زبرو توڕە گوتم:
ئێستا چیت دەوێت؟!
- بەهـەر حاڵ، وادیارە توانای گوێگرتنی زیاتری ئامۆژگارییەکانت نییە.
دەستێکی بەدەم و لووتی خۆی داهێناو چاوەکانی لەگەڵ چووقاند وەک ئەوەی پژمینی بێت و نەشـتوانێت بپژمێ، گوتی:
بـڕۆ لـەژوورەوە لەنێـو چاکێتـە چوکلێتییەکەت لە جزدانە سـوورەکە، لەتەنیشـت مۆڵەتی شوفێرییە بەسەرچووەکەت، یانزە دەهەزاری سەوزی جوانم بۆ بهێنە.
- جا تۆ چوزانی من جزدانی سـورم هەیەو مۆڵەتم بەسـەر چووە..
- چۆن نایزانم!! هـ هـ هـ ئەدی من حکومەتی تۆ نیم؟! هـ هـ هـ ئەویش یانـزە دەرچوو. چل هەزاری رێک و جوانت لا دەمێنێ، هەوڵ بدە لەگەڵ منداڵەکانت بچیتە دەرەوە نۆشی بکەن.
- دەکرێ بپرسـم، ئەو پارەیەی بەڕێزت باسـی دەکەی پارەی کارەبایە، ئاوە، تەلەفۆنە، ئینتەرنێتە، ئاگرکوژێنەوەیە، باجە، قیرتاوە، پاراسـتنی ژینگەیە، کۆمەکە، ئۆکسجینە، سەرانەیە؟!
قسەکانی پێ بڕیم و گوتی:
- نابـرا نـا، وا ورد مەبـەرەوە، ئەمە پارەی خـەو بینینە، خەونی خۆت و منداڵەکانیشـت، بەخوا خۆت نـا، بەڵام منداڵەکانت خەوی وا دەبینن، باجەکەی زۆر قورسـە، بەپارە چاک نابێ، بەڵام خودا وای کردووە ئێمە بەپارە خاو دەبینەوە.

دەنــا خەونی منداڵەکانت بەپارە پاک نابێتەوە.
خودا کردی زەنگی کاتژمێرەکە بە ئاگای هێنام، نزای خێرم بۆ حکومەتی خۆمان کرد کە پارەی خەون و زۆر شــتی تریش وەرناگریت.

٢٠١٤ ـ هەولێر



**چایخانه**

خووم وا گرتووە، هەر جارێکی کارم لە بازاڕ هەبێ، لەدوای تەواو کردنی کارەکەم، دەچمە چایخانەیەک.

لەدوای پشـــووێکی کورت و خواردنەوەی چایەک، هەڵدەستم بۆ شوێنی مەبەست گوزەر دەکەم.

وەکو جارانی پێشـــوو، لە چایخانەکە دانیشـــتم سڵاوم کرد، هێشتا داوای چـــام نەکردبوو چایەکی لەبەر دەمم دانا و گوتی:

بەخێربێی قوربان.

دانانـــی چا لـــەو چایخانانە خۆی لەخۆیدا هونەرێکـــە لەبەر ئەوەی جۆرە لەرزینێـــک بەژێـــر پیاڵەکـــە دەکات تـــا پیاڵەکـــە لەســـەر ژێـــر پیاڵەکە دەوەســـتێ، لەمۆسیقا سامناکەکانی سێرک دەچێ.

چاکـــەش، یـــان زۆر زەردە و تا نێو قەدی شـــەکرە، یاخود رەشـــە و بە ئاســـتەم شەکر لەنێو پیاڵەکەدا دەبینی.

هــەر پرســیارێکیش لەبارەی چایەکە لەچایەچییەکــە بکەیت، تەنها یەک وەڵام وەردەگــری و هیچی تر(چایەی تازەیــە قوربان، تازە دێمی داوە، لەویم بۆ هێناوی).

خۆشــی چایخانەکانــی نێو بازاڕ، لەگــەرەلاووژە و قەڵەباڵغیەکەی و لەو دەفــرە فافۆنانەیە کە ئاوی تێدا دەخورێتەوە.

ئەویــش تەنها لــە چایخانەکانی نێو بازاڕدا مــاوە. بەتایبەت لە هاویندا، ئاوی نێو دەفرە فافۆنەکان تام و بۆیەکی تایبەتی هەیە، ئارام و فێنکت دەکاتەوە.

***

فرێکم لەچایەکەی بەردەمم دا، پاکێتەکەم لەگیرفان دەرهێنا و جگەرەیەکم پێشــکەش بەو پیاوە کرد کە لەتەنیشــتی دانیشتم و بەخێرهاتنی کردم.

– نافەرمووی؟!

– ئاااى دەست خۆش.

جگەرەکەی داگیرساند و مژێکی بەهێزی لێدا، هێشتا لەلێوی نەکردبۆوە، بەددانەکانی جگەرەکەی راگرت و کەمێک دووکەڵی لە دەم هاتە دەرەوە، چاوێکی بۆ قووچاند و گوتی:

– یەکــەم جارە تۆ لەو چایەخانەیە دەبینم؟!

– بەڵــێ راســتە، من کەم دێم بــۆ ئێرە. چەند جارێــک هاتووم، وادیارە سوتفەی یەکتریمان نەکردووە.

– بەڵێ وایە. منیش تەنها رۆژانی ســێ شــەممە دێم بۆ ئێرە.

ئاوڕی بەلای دەرگای دەرەوە دایەوە، خەریکی هەڵمژینی جگەرەکە بوو،

هەستم کرد بەدوای پرسیارکردندا دەگەڕێت، وادیار بوو حەزی لەگفتوگۆ بێ، منیش بۆ بەردەوامی گفتوگۆکەمان، پرسـیم؟

- وادیارە بەڕێزت سەرتاشخانەت هەیە؟!.

ئەو بە هیچ شـێوەیەک لە سەرتاش و خاوەن سەرتاشخانە نەدەچوو!!

بەڵام کە گوتی من تەنها ڕۆژانی سێ شەممە دێم بۆ ئێرە، ئەو پرسیارەم لا دروست بوو لەبەر ئەوەی تەنها سەرتاشخانەکان لەڕۆژانی سێ شەممە پشوویانە.

دەنا شـێوە و رووخســار و قژی وادیار بوو، نەک هەر ســەرتاش نییە، بەڵکو دوو مانگ دەبێ تەنها شانەیەکیشــی بەر قژی نەکەوتبێ.

هــەر چەنــد لەرەنگی قــژی ورد ببایتــەوە، نەتدەتوانی بڕیــار بدەی لە بنچینەدا قژی چ رەنگێکە، یان بە کامەلا دایهێناوە، هێند تێک شێوابوو. مەتەڵێک بوو بۆخۆی. تەمەنیشــی بۆ ئەم کارە نەگونجاو بوو.

هیچ وەڵامێکی نەبوو.

لــە دڵــی خۆمدا گوتــم لەوانەیە گوێچکــە تووکنەکانی گــران بێت، بۆیە بەناخێری گیانم پرســیارەکەم بەدەنگی بەرز دووبارە کردەوە.

- جەنابت سەرتاشخانەت هەیە؟!.

- لــەدوای تێڕامانێکــی پــڕ لــە تووڕەیی و بــەدوو چــاوە زەقەکانی ژێر زەڕەبینە ئەســتوورەکەی، بەدەنگێکی بەرزتر لە پێشووتر گوتی:

- ئەم قژو رووخســارە، ئەم دەســت و پەنجە، ئەم تەمەنە لە سەرتاشی دەوەشـێتەوە؟!! یــان هەر بـۆ ئەوە هاتووی پەســتم بکــەی و دەمارم بگری؟

- داوای لێبووردن دەکەم، تۆ گوتت ســێ شــەممان دێم بۆ ئێرە، تەنها سەرتاشــخانەکان سێ شەممان پشوویانە بۆیە وام گوت.

- ناوی مەهێنە چیتر. بەداخەوە، من لەجیاتی قژتان، مێشــکتان ئارایش دەکەم، بەڵام مخابن قەدرم نازانن.

لەدڵی خۆم زۆر پەشــیمان بوومەوە لەدڵ تەنگ کردنی.

بۆ راستکردنەوەی بارەکە گوتم:

- بمبوورە دکتۆر گیان، زویرم کردی، خوا دەزانێ من مەبەستم دڵگرانی بەرێزتان نەبوو.

- دکتۆری چی!! تۆ بۆ واز لە من ناهێنی؟. بزانە ناشمکەیت بە پزیشکی جوانکاری، تا دەم و لووتی خۆتم پێ راســت بکەیتەوە؟!

- قوربــان، کــە دەڵێی من مێشــکی مرۆڤەکان ئارایش دەکــەم، وا هاتە مێشکم بەرێزتان دکتۆری یەکێ لە کۆلێژەکان بن، نەک پزیشک، لەوانەیە دکتۆرێکی شیکاری دەروونی بی.

- بەڵــێ، هــەر ئەوەمان کەم بوو، بۆ شێتخانەیەکیشــم بــۆ ناکەیتەوە؟! مــن دەزانــم چ نەفرەتییەک تۆی رەوانەی لای من کــردووە، وازم لێبێنە باشە؟!

- باشە دکتۆر

لەگــەڵ ئەم (باشــە دکتۆر)ە یەکجــار هاروهاج بوو، غــەزەب و تورەیی لێدەبــاری، ددانەکانی پێش دەمی بەدەنگ هاتن، ئەوەندە لیکەی لەدەم دەردەپەڕی، ئەوەندە وشــەی تێنەگەیشتم، ئەوەی لێحاڵی بووم ئەوەندە بوو کە گوتی:

- تۆ بە ئەنقەســت وادەکەیت، دەزانم بە قســەی چ ناڕەسەنێک هاتووی، تــا لە دین و مەزهەبانم ببەیتە دەرەوە، واشــت کــرد، زۆر جوانت پێکا، ئەو ســێ شەممەیەش وەکو سێ شــەممەی رابردووتان کرد، لەنووسینی وتارەکەم بێ بەشــتان کردم، سەت هەزاری ترتان لەکیس دام.

ئـەو خەڵکـە زۆر سـەیرە وادەزانن رۆزی ئەوان دەخـۆم، زۆرە گۆڤارو رۆژنامـە زۆرە، بەم هەموو چەقە چەقـەی خۆمان ناتوانین پەڕاوەکانیان پـڕ بکەینەوە، خـوا خوای بابەتێکمانـە، بۆ ئەوەی بیکەین بە بنیشـتە شـینکەی سـەر زمانمان، وادەزانن وتارنوسـین تەنها لەسەر هەڵبژاردن و لەکاتـی هەڵبژاردندایـە، دونیـا بنی نەهاتـووە، تەنها لەسـەر کارەبا بنووسـین زەخیرەی پێنج سـاڵی هەموو وتارنووسـەکانە، با هەڵبژاردن بەکۆتایی بێ، دەیان و سـەدان بابەتی تر هەیە بینووسین، هەی...
قسـەکانیم پێ بڕی، دەترسـام زیاتر هەڵبچێ، جەڵتەیەک لێی بدا، یان پەلامـارم بدا، چونکە هەموو گیانی دەلەرزی، بۆیە گوتم:
- خاڵۆ گیان، من نەمزانی وتارنووسـی، کەسـیش منی نەناردووە و هیچ ..ئاگام لەو شـتانە نییە کە تۆ باسی دەکەی.
- بەڵـێ، کابـرای تریـش هەروای گـوت، خۆ هێنـدە لەمێژ نییە، سـێ شـەممەی رابردوو بوو، تا قوڕو قەپۆزیشـم شکاند، ئینجا دانی بەوە نا، لەلایەن کێوە رەوانە کراوە، تا من وتارەکەم نەنووسـم.


تاسـام، پێشـتر بەچاوێکـی تر سـەیری رۆژنامـە و گۆڤـار و وتارەکانم دەکـرد، وامدەزانـی زۆر جیاوازتـرن لـە ئێمـە، ئارامـی و مرۆڤایەتی و خۆشەویسـتی لەپێنووسـەکانیاندا دەتکێتەوە، ئیرەیی و بەشبەشـێن و پەتپەتێـن لە لای هەموو توێژێک هەیـە لای ئەوان نەبێت، کەچی ئەمڕۆ هەسـت دەکەم، لەلای ئەوان سەر هەڵدەدات و بۆ لای ئێمە دێت.

نەمدەزانی پێویسـتیان بە نووسـینە بۆ سـەر دڵیان، نـەک نێو دڵیان. چۆن دەبێ لە پێناو چەند رۆژێک بژێوی ژیانت، چەکەکەت بفرۆشـێت؟!

ئاخر ئەم پێنووســە چەکی تۆیە، تۆ لە ســەنگەری ژیانی خۆت نیت بە تەنیا، کۆمەڵگایەک چاوی لە پاراســتنی سەنگەرەکەی تۆیە.

لــەو رۆژەوە بڕیارمــدا چیتر گلەیی لەهاوســەرەکەم ناکەم، کە هەمیشــە شــەڕم بوو لەگەڵی لەســەر ئەوەی رۆژنامەکان دەکاتە ســفرەی خوانی ماڵەوە.

٢٠١٤/١٠/١٠ ـ هەولێر



**خەون**

لەماڵ هاتمە دەرەوە. قەرەباڵغیەکی بێ سـنوورم بینی، بەهێواشی خۆم خزاندە نێو خەڵکەکە، بۆ ئەوەی بزانم خۆ پیشـاندانە یان ڕێپێوانە.
هیـچ کات ئەم دووانە لە وڵاتی ئێمەدا لەیەکتر جیا ناکرێنەوە.
بەهەمان شـێوەی شـین و شـایی، لەبەر ئەوەی، شـایی و بەختەوەری نیوەی کۆمەڵگا، شین و شەپۆڕی نیوەکەی ترە. چەندین جار بینیومانە لەسـەر یـاری تۆپـی پێ لەنێوان ریال و بەرشـە دەبێتە ڕۆژی حەشـر. یـان لەکاتـی هەڵبژاردنەکان، لەشـەڕە پـەڕۆدا، ئەنجامەکەی هەرچی و چـۆن بـێ، تەقەی شـادومانی و شـایی و شـەڕی لەگەڵدایـە. دڕم بە خەڵکەکەدا تا گەیشـتمە لای پیرە پیاوێک و لەتەکی ئەودا دەسـتم کرد بە ڕۆیشـتنێکی هێواشـی وەک هەموو خەڵکەکە. پیرە پیاوەکە ئاوڕێکی لێدامەوەو گوتی:
سڵاو. تۆش دێییت؟!
– بەڵێ، بەڵێ. چۆن نایەم!! ئەم ڕێپێوانە هێمنانە هی ئەوەیە بەشداری نەکەیت!!!

- ترحێو. تەواومان کرد!!

له وەڵامەکەی تێگەیشتم هەڵەم کردووە، کە ئەمە ڕێپێوان نییە، بەڵکو خۆپیشاندانە. ناهەق نەبووم، هەرگیز خۆپیشاندانی هێندە هێمن و لەسەرەخۆم لەو وڵاتەی خۆمان نەبینیوە، تەنها لە (مسیرە) زەریفەکەی زەمانی بەعس بگرە تا کۆکردنەوە بەزۆرییەکانی ئێستا، تەنیا لە ڕێپێواندا ئارامی هەبووە. ئەو جۆرە خۆپیشاندانەم تەنیا لە شاشەی تی ڤی بینیوە لە وڵاتە ئەوروپاییەکان.

- ببورە خاڵۆ، ئەم خۆپیشاندانە ئارامە بەچی مەبەستێکە؟!

- ویست و حەز و چارەنووسی خۆت بەدەستی خۆت بنووسە.

- بەراستی کارێکی پیرۆز و چاکە، خۆزگە زۆر زووتر ئەم بڕیارە لەخودی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بدرایە.

لەدوای کەمێک بێدەنگی هاتمەوە گۆو گوتم، دەچینە بەر دەمی پەرلەمان؟!

- گەمژە، تا ئێستا پەرلەمان توانیویەتی مافی چارەی خۆی بنووسێتەوە؟!

سەرۆکی پەرلەمان پێچکەی کورسییەکەی خۆی پێ پارێزراوە تا مافی تۆ بپارێزێ، دەڵێی لە ئەستێرەیەکی دیکەوە نازل بووی، ئاگات لە دونیا نییە!!! لەوانەیە وا تێبگەیت تەنها ئێمەی مرۆڤ بەشدارین لەم خۆپیشاندانە، وانییە؟!!

- بەڵێ بۆ کێی ترمان لەگەڵە؟!

- لەپێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە ئاژەڵن، چۆلەکە و بلبل و کەناری، بریکاری گژوگیا و دار و درەختن، هەنگ لەجیاتی خۆیی و لەبری گوڵ و گوڵزاریش هاتووە. چیتر زۆر بڵێیی مەکە بیر لەداخوازییەکانت بکەرەوە.

***

وام هاتــە بەرچــاو، لەهۆتێلێکــی پێنج ئەســتێرە دانیشــتووم، قەڵەم و کاغەزێکیــان لەبەر دەســت داناوم، چاوەڕوانی نووســینی داخوازییەکانم دەکەن، تاکو بیبەن بۆ پێشی پێشەوەی کاربەدەستان و ئەوانیش واژۆی خۆیــان لەســەر داخوازیەکانم دەکەن و بە بێ وەســتان دەچێتە خانەی جێبەجێکردن. بەیانی بە پۆســتێک ئەنجامی جێبەجێکردن و ڕەزامەندیم بــۆ دێتــەماڵەوە. لەدڵی خۆمدا کۆی دڵخــوازی خۆم خاڵبەند دەکرد و لەبن زمانەوە دەمگوتنەوە، باوەڕ بکە لە بەر داخوازی شــتی پڕوپووچ و لاوەکی، داخوازییە سەرەکیەکانم لەیاد کردبوو، لەپڕ خەڵکەکە لەشوێنی خۆیان وەستان.

باعــە باعی ڕانە مــەڕەکان. خەیاڵەکەی پچڕانــدم دوای چەند هوتافێک.

باع .. باع. باع. باع.

کــپ بوون و چیتریان نەگــوت. پیاوە پیرەکەی تەنیشــتم گوتی، بەخوا ڕاست دەکەن. هەقی خۆیانە.

- دەکرێ بۆم تەرجەمە بکەی، باســی چیان کرد؟!

- دەڵێن: ئێمە بەروبوومی شیرو ماستی خۆمان لێ ون بووە، لەنێو ئەو هەموو شــیر و ماستە ســاختەیەی کە بەناوی ئێمەوە، کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت.

- هــەر ئاژەڵــە و هوتافی خۆی لێدا، گلەیی خۆی پێشــکەش کرد، بەڵام بەداخــەوە، کــەس نەبوو بــۆم تەرجەمە بکات، مامە پیــرە تەنها زمانی مەڕی دەزانی.

لەدڵی خۆم گوتم:

جا من حەزرەتی ســولەیمان لەکوێ پەیدا بکەم تا هەموو زمانەکانم بۆ تەرجەمە بکات، هەر خۆشم بیرم کردەوە گوتم: جا کێ دەڵێ حەزرەتی سولەیمان کوردی زانیوە؟!!

گوێدرێــژەکان دەنگیان لێ نەهاتە دەرەوە، گوتیان:

خـوداى گـەورە دەنگـى ئێمـەى پێناخۆشـە. ئێمـە رەزامەندین، هیچ کەموکوڕیمان نییە.
تاکە جیاوازی نێوان ئێمەو هەموو گیاندارانی تر لەم خۆپیشـاندانە تەنها یەک شـت بوو؛ ئەوان گلەییان لەخودی خۆیان نەبوو، یەک دەنگ، یەک هەڵوێسـت یـەک هوتـاف، هەرگیز هوتاف و دەنگی کەسـیان، قسـەی ئـەوی تری نەدەبـڕی و هاوار هاواری ئـەوی تریان خۆ پیشـاندانەکەی نەدەشێواند. بەداخەوە..
کاتی نۆرەی ئێمە هات، لەبەر وشەی دووبارە.. دووبارە.. و گەڕەلاوژە و هـات و هـاوار هەرچـی ئاژەڵ بـوو ڕای کـرد، هەریەکـە و بەلایەکدا پەرتـەوازە بوو، بارەکـە لەو ئارامی و هێمنییەوە، بـوو بە تەقەکردن و راکەڕاکەیـەک، هـەر بابا بوو خۆی رزگار بکات، نەکەوێتە ژێر دەسـت و پێی ئەوانی تر.
مـن وا رامدەکـرد بۆ ئەوەی رزگارم بێت و نەکەومە ژێر دەسـت و پێی خەڵک، پێم لەسـەر سـەری زۆر خەڵک دانا، هەناسـەم بەجۆرێک تەنگ ببوو، خەریک بوو دەخنکام.
چەنـد هەنگاوێکم مابوو بەیەکجاری لەئاوەدانییەکە دەربچم، پیرەمێردی ئاخیـر شـەڕ لەدوامەوە بـەر زەوی کەوت، قاچی منی گرت و سـنگە و سنگ بەزەوی دادام، پێش ئەوەی خەڵک پێی بنێن بەسەر و گوێلاکمدا، راپەڕیـم لە خەوەکەم و بە ئاگا هاتمەوە.
لەژیانم یەکەم جارم بوو بەکراسـی (دشداشـە) ی شـۆڕی عەرەبییەوە بخـەوم، هەمـووی کـۆ ببـۆوە لـەلای سـنگ و هەوکم، خەریـک بوو بم خنکێنێ. لەو رۆژەوە سوێندم خوارد، چیتر بەم کراسە شۆڕەوە نەخەوم.

٢٠١٥/١/١٠ - هەولێر



**دەفتەری کار**

لــەو کۆگایەی کارت لێدەکرد، چەند هاوڕێیەک بوون. بارەکانتان بەکۆڵی یەکتــر دادەداو بەڕێک و ڕێزبەندکراوی، لەنێو ماشــێنە بار هەڵگرەکەتان دادەنا. کۆمەڵێکی تریش، لەگەڵ ئێوە، وەکو ئێوە ڕشــت و بەســەلیقە، هەمــان باری کە داتان دەنا بەکۆڵی خۆیان دادەدایەوە، دایان دەبەزاندە خــوارەوە، لەناو هەمان کۆگادا بەڕێزبەندی دایان دەنایەوە.

تــا ئێوارە ئەمە کارتان بوو، بەشــەو لــەدوای تەوقەکردن و ماڵ ئاوایی، بــەرەو مــاڵ دەچوونــەوە، لای بەیانی بەهەمان شــێوە دەســتتان بەکار دەکردەوە.

هەرچەنــدە ڕۆژی جارێــک، هاوڕێیەکتان ون دەبــوو، یەکێکی تر دەهاتە جێگەی ئەو، بەهەمان شــێوەی هاوڕێی کۆنەکەتان، هەمان هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کاری لەگەڵ دەکردن.

ئەوەیــە ڕێڕەوی ژیان، جگە لەوە چیترت بیر نایێت، یان دۆزەخیت، یان بەهەشتیت، ئارام بگرە.

ئــەوە خوێندنــەوەی دەفتەری کار و هەڵســوکەوتتە، لەلایەن فریشــتەی

مەرگەوە بۆت دەخوێندرێتەوە.

جگــە لــەو مرۆڤانەی تێکەڵ بە سیاســەت بوون. ئــەوان دەفتەرەکانیان بەتۆ ناخوێندرێتەوە.



# وانەی مێژوو

- رۆژتان باش

گیان باش، مامۆستای بەرێزو باش

ئەمـرۆ بەرواری ٢٠٨٨/١/٢٠، لەوانەی مێژوودا، باسـی مێژووی باوانمان دەکەین.

- رۆڵەکانـم.. خوێنـدکارە شـیرینەکانم.. ئـەوەی ئێسـتا ئێمـە پێـی سـەرقاڵین و کاری بۆ دەکەین هەوڵ و کۆششـی بـۆ دەدەین، ئامانج و خەباتێکی نەپسـاوەی لەمێژینـەی باوانمانە، دەمانەوێ رێچکە و بنیادی خەباتەکەیان درێژە پێبدەین.

بگەیـن بەو ئامانجە پیرۆزانەی کەوا دوو سـەدەیە، هەزاران شـەهیدمان لەپێنـاوی داوە. ئەویـش دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆیە بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان.

ئـەوەی ئێمــە پەیڕەوی دەکەیــن، هەمان پەیــڕەو و پڕۆگرامــە، مۆرکە بنچینــە پتەوەکانــی ئــەم دەوڵەتە، وەکــو ڕێژەی نەگــۆڕە، بەڵام چەند گۆڕانکارییەکــی لاوەکی هەیە لەڕێچکەی هەوڵەکانماندا گۆڕیومانە.

یەکێ لە قوتابییەکان، پرسیار دەکات:

– مامۆســتا دەکرێ بزانین، ئەم گۆڕانکارییانە چین، کە بەســەر ڕێچکەی خەباتی ئێمەدا هاتووە؟!

– دەســت خـۆش بۆ پرســیارە پێویســتەکەت؛ ئەوەی کــەوا گۆڕانکاری بەســەردا هاتووە، لە دوو خاڵدا بۆتانی باس دەکەم.

١) جاران وڵاتێکمان دەویست لەژێر ناوی وڵاتی کوردستان بنیاد بندرێت. ئەوەی ئێســتا دەمانــەوێ لەژێر ناوی (کوردلاند) وڵاتێــک بنیاد بنێین. لەبــەر ئەوەی مێژوو ســێ ســەدە و بەڵکــو زیاتریش هــەر مەملەکەت و وڵاتێکی (ســتان)ی بەدوا دابێت، مرۆڤکوژو مرۆڤترسێنەرە.

٢) جاران دەیانویست لەژێر سێبەری چوار پارێزگادا دەوڵەت رابگەیەنن، بــەڵام لــەدوای عەســری عەولەمە و تێکهەڵکێشــی مرۆڤــەکان بە دنیای تەکنەلۆژیــای زۆر خێــرا، مۆدێلــی دەوڵەتــداری، گۆڕانــکاری بەســەر داهاتــووە، دەوڵەتی بچووک دروســت بــوون. بۆیە ئێســتا تەنها هەوڵی بەدەوڵەت بوونی پارێزگاکەی خۆمان دەدەین.



قوتابیەکی تر، دەســت هەڵدەبڕێ و پرسیار دەکات:

– مامۆســتا، ئەو چوار پارێزگایەی بەڕێزت باسی دەکەی، لە رووی زمان و جوگرافیا و نەتەوە و ئایینەوە هەمان شــت نەبوون؟!

- رۆڵــە گیان، یەکێک لەهەڵە هەرە گەورەکانی باوانمان، ئەو خاڵەیە کە تۆ درکت پێی کردووە و باســی دەکەیت.
بەڵێ زۆر دوور مەڕۆ، شەســت ســاڵێک لەمەوبەر، ئەم چوار پارێزگایە، یەک زمان و یەک درووشــم و یەک نەتەوە و بگرە یەک ئاڵاشــی هەبوو، بەڵام ئێســتا خۆتان دەبینن کە لەزمانی یەکتر ناحاڵین.
هەریــەک لــە پارێزگاکان جۆرە ئایدیا و جۆرە ئاڵا و جۆرە زمان و هەتا دەگەیتــەوە بچووکترین کایەکانی ژیان یەکتر ناگرنەوە، هەر پارێزگایەک جۆرە کلتورێکی بێگانە داگیری کردووە، دراوســێکانی ئێمە، هەمیشە لە ئێمە دووربینتر و وردتر کاریان لەســەر خودی ئێمە کردووە.
تێکەڵی بڕگە بە بڕگەی ژیانی ئێمە بوون، هەر لە پەروەردەی خێزانییەوە تا دەستووری پەرلەمانەکەمان.
بــۆ نموونە کە لە وڵاتی دراوســێکانماندا فیلمێک یان درامایەک بەرهەم بهێنرایــە، دۆبلاژکردنی لەپارێزگایەک بۆ پارێزگایەکیتر جیاواز بوو!
هــەر پارێزگایە و فێــری کلتووری یەکێک لەهاوســێکان دەکرا. ئێمە بێ ئاگا بووین لەوەی، دابەشکراوین.
منداڵی ئەم شارە وا گۆشکرابوو، تەنها کێک و نەستەلەی تورکی بخوات، شــارەکەی تــر بووکەڵەی ئێرانی پێ جوان بوو، شــارەکەی ئەولا دەیان کۆنســێرتی بۆ گۆرانی بێژێکی عەرەب دەکرد.
بەڕێوەبردنی وڵات وەکو ئێســتا نەبوو، چەنــد کۆمپانیایەک، هەریەکە و یەکێ لە چەمکەکانی بەڕێوەبردنی وڵات بگرێتە ئەســتۆ.
پــارە لــەو کارەی دەیــکات کــۆ بکاتەوە بــۆ ســوودمەند بوونی خۆی و حکومەتیش، تا حکومەت بەپارەی کۆمپانیاکان هەم مووچە دابین بکات هەم ژێرخانی ئابووری وڵات پەرەپێبدا.
هەمووتان ئاگادار بوون، پار ساڵ وەزیری کشتوکاڵ، بەروبوومی ساڵانەی

وەزارەتەکەی بۆ ئێمە خوێندەوە چەند جێگەی خۆشحاڵی بوو کە گوتی: دابینکردنـی بودجەی دوو سـاڵی حکومەت، تەنها لەکەرتی کشـتوکاڵی ئەمساڵدا بەرهەم هاتووە؟

جـاران وا نەبـوو. لە جێگەی ئەم کۆمپانیایانە حزب هەبوو، هەر حزبێک و خـاوەن کۆمەڵـە خەڵکێک بوو، لەژێر چەند درووشـمێک و رەنگێکدا، جـاری وا هەبووە، لەشـەڕە پـەڕۆدا بەدەیان بەڵکو بەسـەدان هاوولاتی بوونەتە قوربانی، یەکتریان کوشتووە!!!

جـا لەهەمـوو جیاوازیەکان سـەیرتر، کە ڕێـک بە ئاوەژووی ئێسـتایە، لەجێگـەی ئـەوەی حـزب پارە کۆ بکاتـەوە بیدا بەحکومـەت، ئەو کات حکومـەت بـە فرۆشـتنی سـامانی سروشـتی وڵات و بـاج وەرگرتن لە هاوولاتیـان پارەی کۆدەکردەوە و دەیدایە حزبـەکان، حزبەکانیش بەبێ جیـاوازی، وەکو گۆشـتی خێر بەسـەر خۆیانـدا دابەش دەکـرد، لەبەر ئـەوەی ئـەو چەنـد حزبەی کە هەبـوون، هەر ئەوان بـوون حکومەتیان دادەڕشت.

کۆی خوێندکارەکان سـەریان لە قسـەکانی مامۆستا سوڕمابوو، جێگەی باوەڕ نەبوو، لەبەر ئەوەی قوتابییەکان ئاگاداری هەموو رەفتارو کرداری حکومەت بوون، یەکە بە یەکە ئاگاداری گرێبەسـتەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان بوون.

یەکێک لە قوتابییەکان پرسـیاری کرد:

- مامۆسـتا گیان ببورە، ئەوەی تۆ دەیڵێی جێگەی سەرسوڕمانە!

- بەڵێ، جێگەی سەرسـوڕمانەو باوەڕ کردنیشـی ئاسان نییە، بەڵام هەر ئـەم هۆکارانەش بوون بەرێخۆشـکەری سـەرهەڵدان و چەسـپاندنی ئەو شۆڕشـە مەدەنییەی کە ئەمڕۆی لێ لەدایک بوو.

رەنگـە هەمووتان گوێبیسـتی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئاشـتیانەی (نا)

بووینە؟!

هەمووان پێکەوە:

- بەڵێ مامۆستا.

- لەو سەردەمە بوو، نەوەیەکی تازەی پێگەیشتووی وریا و وشیار و چاک و پاک و بێلایەن سەری هەڵدا. لەژێر ناوی (نا). سەرەتا دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک بەرەنگاریان بۆوە، چەندین لاوی لەزیندانەکان ئاخنی، هەزاران تۆمەتی خراپیان بۆ هەڵبەستن.

کەچی ئەم کۆمەڵەیە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبوون و تاکە چەکی لە بەرانبەر دەسەڵات بەکاریان دەهێنا تەنها یەک وشە بوو، لە دوو پیت پێکهاتبوو، دەسەڵات هەرچی دەیگوت، ئەوان دەیانگوت (نا) ئەو (نا) یە، بوو بە سەرسەختترین چەک و ڤایرۆسی دەسەڵات، لە بچووکترین جومگەی دەسەڵاتەوە خەڵکیان دروستکرد، وەک مێرووله بەهەرەمی دەسەڵاتەوە نووسان، لە دوای چەند مانگێک گەیشتنە ژێر لووتکەی هەرەمەکە.

تا وایلێهات، لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بەبێ هیچ لیستێک، لەسەدا نەوەتی دەنگەکان لێی نووسرابوو (نا).

دەسەڵات شڵەژا، بەمشێوەیە، کۆی حزبەکان بەرەو پووکانەوە چوون.



کۆی رەنگەکانیان تێکەڵ کرد، هێشتا نەیانتوانی، زریانی (نا) بکەنەوە ئەو شنەبایەی پێشتر بۆ خۆیان دروستیان دەکرد و دوای چەند ساڵێک هەر خۆیان لەناویان دەبرد.

لەو ساتەوە، خەباتکەرانی (نا) دەسەڵاتیان بە ئاشتیانە وەرگرت، توانیان ئەو یەکسانی و تەباییەی ئێستا بنیاد بنێن، کە ئێوە لەژێر

سایەکەیدا بە ئارامی دەژین.

بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە، بۆ وانەی داهاتوو پرسیارم دەبێت، دەربارەی وانەکەی ئەمڕۆمان. جگە لەوە پرسیاری وانەی داهاتوو بنووسن. تاکو وەڵامتان پێبێت.

- بەڵێ مامۆستا.

- ئایا، لەدوای رادەستکردنی دەسەڵات بۆ خەباتکارانی (نا).

کاربەدەستانی حزبەکان و حکومەت لەچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، حوکمڕانی مانەوە؟!

زەنگی کۆتایی وانەکە زرینگایەوە

٢٠١٥ ـ هەولێر



**مانگەشەو**

بۆ چوار ساڵ دەچوو، دەستی لەنووسینی چیرۆکەکە هەڵگرتبوو. وەک نووسینە تەواونەکراوەکانی تری، هەڵی پەساردبوو، بۆ کاتێکی نادیار.

هۆکاری تەواونەکردنی ئەم چیرۆکە جیاواز بوو، لەنووسینە تەواونەکراوەکانی تری، هۆکارەکەی تایبەت بوو، بەسەرکێشیکردنی کەسێتیەکەی نێو چیرۆکەکە.

خۆی چیرۆکەکە، پیشاندانی چەند وێنەیەک بوو، لە ژوانگە و حەز و سۆز و ئاوێتە بوونی دوو ئاشق، دیمەنی ژوانی بەر ئەو مانگەشەوانەی کە ماچ بە قەد دابارینی ئەستێرەکان، چێژ بەچاو و هەستەکانی تری مرۆڤ دەبەخشێت.

نووسەرەکە، گومانی لەخۆشەویستی و ئاشقبوونی نێوان دوو خۆشەویستەکە نەبوو.

دەیزانی لە تاریکە شــەوەکاندا چۆن ئاوێزانی یەکتر دەبوون.
دەنگــی ماچ، لە تاریکیش ون نابێ!
هەناسە ســواری و نازە رێخۆشکەرەکانی جیهانی فانتازیا، لەنێو تاریکی ون نابــن، مرچــەی داکەلانی لێــو، لەگۆی مەمکی تازە ســاودا، جگە لە دەنگەکە، بریچکەی ئاگریشــی لەگەڵ دایە!
چۆن لەچاو و هەست ون دەبن!!

بــەڵام ئــەوەی نووســەرەکە دەیویســت بیکاتــە بابەتــی چیرۆکەکەی، ژووانی شــەوێک بوو، لەبەر مانگەشەو، مانگەشەوێکی زیوینی روون، لەو شــەوانەی کە مانگ لە رووگەشــی و دڵخۆشیدا، دادەبەزێتە سەر زەوی، لەگــەڵ دیمەنەکاندا دەســت لەملان دەبێت، ئەو کاتانــەی وەکو ئاوێنە، ســێبەری خۆت لە تەک خۆتدا دەبینی.
لەسەر پوشوپەڵاشی زێڕیندا، لەشە خورت و رەنگ گەنمییەکەی، گەنگە مــووە نــەرم و لاواز و بێ رەنگەکانــی لەگەڵ دەنکە دەنکەی پووشــەکە دەبریسکێنەوە.
لــە تابلۆی فەرشــە هەرە نایابەکانی ئاوریشــمی وەســتا کارە کاشــانە کۆنــەکان دەچێ. چاوە خومــار و پڕ نازەکانی خەواڵوو دەردەکەون، کە بە ئاســتەم دەیانکاتەوە، لەبەر ئەو دوو گردۆلکەی ســەر ســنگی، هیچ شــتێک نابینێ، لەبەینی دوو گردۆلکە کە بزە لەگەڵ مانگ دەگۆڕنەوە.
ئەویــش وەکو نێریــەک لەکاتی گەردۆزی بێت، پەی بە هەوەســی مانگ دەبــات و دەچێتــە نێوان مانگ و ئەودا دادەنیشــێ، ســوژدە بۆ هەردوو گردۆلکەی دەبات.
جووتــە کەزیــە جوان تێــک چێندراوەکە، بەســەر ئەو گەردنــە درێژەدا


هاتووەو لە دەوری دوو گردۆلکەکە ئالاون، لەگەڵ لێو و لەبە ئەستوور و سوورەکەیدا شێوەی دار لاستیکێک دەکێشن، بۆ هاوێشتنی ماچ، مانگ، وردە وردە، هەڵدەکشێ. بۆ ئەوەی لەو دیمەنە بێبەش نەبێ و دوو گوڵە ماچیش بگرێتەوە.

لەدوای چوار ساڵ، نووسەرەکە هۆی ئامادە نەبوونی کەسێتییە سەرکێشەکەی چیرۆکەکەی خۆی دۆزیەوە، کاتێک کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆیدا بۆ گەشت و سەیران لەکەناری دەریاچەیەک دانیشبوون، خۆشەویستەکەی حەزی بەمەلەکردن بوو، لەشەرمی ئەو خەڵکەی کە وەکو ئەوان بۆ گەشت و سەیران هاتبوونە کەنار دەریاچەکە، ناچار بوو بە جلەوە بچێتە ناو ئاوەکەوە، دوای کەمێک مەلەکردن، لە ئاوەکە هاتە دەرەوە.

هەر لەپەری دەریا دەچوو، کراسە خامە سپییەکەی بەری، وا بەلەش و لاریەوە نووسابوو، خەریک بوو بچێتە ژێر پێستەکەیەوە، نووسەرەکە سەیری ئەم هەموو چاوەی دەوروبەری دەکرد کە چاویان بڕیبووە ئەو لەشولارە، هەستی بە ئیرەیی و دڵکرمێبوونی خۆی کرد.

سوک هەڵسا خاولییێکی لەقەد و بالای خۆشەویستەکەی پێچا. لەو ڕۆژەوە بڕیاریدا بەجارێک واز لە نووسینی چیرۆکەکەی بهێنێ.

٢٠١٨ ـ هەولێر



**مامۆستا و خشتەکەی**

یەکەم ساڵی بوو ببووە جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە. لە پۆلەکان وانەی نەدەووتەوە. بەڵام دەیوست، بەهەمان شێوەی مامۆستایەتییەکەی ئەرکەکانی بەزیادەوە جێبەجێ بکات. هەر لەسەرەتای ساڵەوە، چەند بەرنامەیەکی بۆخۆی پەیڕەو دەکرد. کەوا ئەمساڵ، جیاواز لە ساڵانی پێشوو. خزمەت بە پیشەکەی بکات و ژیان بگوزەرێنێ.

ڕۆژانە سەردانی چەند پۆلێکی دەکرد، هەمیشە لە پشووی نێوان وانەکاندا، لەگۆڕەپانەکە شان بەشانی قوتابییەکان دەسووڕایەوە.

خشتەیەکی درووستکرد بوو، ناوی سیانی قوتابی، تەمەنی، هەڵسوکەوتی، ئاستی تێگەیشتنی بۆ کۆی ژیان، ئاستی تێگەیشتنی لەوانەکاندا، لەکام بواردا زیرەکە، ویست و حەزی دوا ڕۆژی چییە.

ئەمانەو چەند وردەکارییەکی تریش، لەخشتەکەدا بوونیان هەبوو.

ئەوەی شایەنی تێڕوانین بوو، چۆنێتی پرسیارکردن بوو لە قوتابییەکان، هەرگیز هەموو پرسیارێکی لە قوتابییەکە بەسەریەکەوە نەدەکرد، بەڵکو

ئەمــڕۆ تەنها نــاوی ســیانی وەردەگــرت، دوو بەیانــی لەخافڵەت قۆڵی دەگرت و پرسیارێکی تری لێدەکرد. لەمامۆستاکەی دەپرسی فلانەکەس، لە فلان وانەدا ئاســتی چۆنە؟! هەمووشــی لەپەڕی بچووک دەنووســی و لەماڵەوە دایدەڕشــتە سەر خشتە دروستکراوەکەی.

بەم شــێوەیە پەرەی بە خشتە دروستکراوەکەی خۆی دەدا.

تا لە کۆتایی ساڵ بتوانێ بەلایەنی کەم سەت قوتابییەک لە قوتابخانەکەدا لەکــۆی بــوارەکان بناســێ. بۆ ئــەوەی ئاســتی نەوەیەک لــە داهاتوودا ڕێژەدار کات. پێی وابوو، ســەرەتایەکی چاکە بۆ هەڵسەنگاندنی ناسینی ئەو نەوەیەی دێنە مەیدانی ژیانەوە.

بیرۆکــەی کارەکەی لای هیچ یەکێک لەمامۆســتاکان باس نەدەکرد، ئەو دەیویســت لەســاڵی داهاتــوودا وەک پرۆژەیەک پێشــکەش بەوەزارەتی پــەروەردەی بــکات. تا کــۆی کۆمەڵگا لێیەوە ســوودمەند بێــت. ببێتە سیســتەمێک بۆ دیاریکردنی ڕاژەی هۆشیاری کۆمەڵگا.

بە وردی بە دوای کارەکانی خۆیدا ســەرقاڵ بوو.

لەڕۆژانی پشــوودا وردتر دەیڕوانییە خشــتەکە، هەندێک بڕگەی لێ زیاد دەکرد و هەندێکی کەم دەکردەوە. پەڕە بچووکەکانی گیرفانی دەردەکرد و تۆماری نێو ئەو خشــتەیەی دەکرد.

هــەرچ بیرۆکەیەکــی لە وەڵامــی پرســیارێکدا بۆ بهاتایــە، دەبووە هۆی دووبارە دەستتێوەردان لەخشتەکەیدا، خۆی بۆ وەڵامی گشت پرسیارێک ئامادە دەکرد، کە لەبارەی کارکردن لەســەر خشتەکەی لێی بکرێت.

مانگێــک مابــوو بــۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ســاڵ، خشــتەی ســەد دانە قوتابــی بــەرەو تــەواو بوون دەچوو، هــەر قوتابیــەک، بڕگەیەک یا دوو بڕگەی جیاجیایان مابوو، کەســەیری خشــتەکانی دەکــرد، زۆر دڵخۆش

دەبوو بەوەی، نەوەیەکی نوێی تەندروست چاوەڕوان دەکرێت. کۆی چین و توێژەکان بەبێ کەموکوڕی لەو خشــتەیە بەدی دەکرێ هەر لە پزیشک و راگری کۆلێژ و ئەندازیار و پارێزەر و مامۆســتاو کارگەر و....

بەمامۆســتاکانی قوتابخانــەی گوت: لــە یەکــەم رۆژی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ، سوپرایزێکم بۆتان هەیە.

بۆ بەیانی یەکەم رۆژی تاقیکردنەوەی کۆتایی ســاڵ دەســتی پێدەکرد. لــە ئێوارەوە بەدیار خشــتەکانەوە دانیشــت و بەســەریان دا دەهاتەوە، تاکو بەیانی بەشــێوەیەکی کارامە و رێکوپێک خشــتەکان بخاتە بەردەم مامۆســتاکان و سوپرایزەکەیان پێشکەش بکات.

کەچی لە وردبوونەوە لە بڕگەیەک لە بڕگەکانی قوتابییەک، ریسەکەی لێ بووەوە بەخوری. لەکۆی سەد قوتابی تەنها یەک قوتابی هەبوو کە هیوا و ئامانج و ویســتی دواڕۆژی بوون بەسەرۆک بوو.

کەچی هیچ یەکێک لە بڕگەکانی تری ئەم قوتابیە رووی مەجلسی نەبوو، هەر لە ئاکار و رەفتار و رەوشــتی بگرە تا دەگەیشــتە ئاستی خوێندن و زیرەکی لەوانەکان.

لــەدوای دوو کاتژمێــر دۆش دامان بەدیار خشــتەکانەوە؛ چاوی تێکەڵی دەکــرد، بڕگــەکان وەکــو مێرووله شــوێن گۆڕکێیــان بەیەکتــر دەکرد، نەیتوانــی فێــڵ لەخۆی بکات، خشــتەی ئەم قوتابیە لەنێو خشــتەکانی تری قوتابیان دەر بکات.

هەمــوو خشــتەکانی کــە رەنجی ســاڵێک بوون، خســتە نێــو ئەم زۆپا داریــەی کە لەبەر بێ نەوتــی لەژوورەکەدا بەکاری دەهێنا، بەیانی چووە لای ئــەو مارکێتــەی، کە مووچەکەی خۆی بەناوەوە کردبوو، ســێ کیلۆ نوقڵ و شــیرینی بەقەرز کڕی و بردی بۆ قوتابخانە، کردی بە ســوپرایز

بۆ ماMۆستایان.

ئەو نوقل و شـیرینیەی مامۆستاکان دەمیان پێی شیرین کردو سوپاسی جێگـری بەڕێوەریـان کرد، وەکو زەرەند قورگی جێگری بەڕێوەبەری تاڵ کردبوو.

**٢٠١٧ - هەولێر**

## کتێبە چاپکراوەکانی کتێبفرۆشی (مێخەک)

١. دوۆنادۆنی فەلسـەفیی / فکر و فەلسەفە ـ هەندرێن
٢. ئەسـتێرەی قەڵاتێ / ڕۆمان ـ کەریم کاکە
٣. ڕەشنووسـی ماتەمی ناو ڕۆژەکان / کورتە چیرۆک ـ گۆران سـەمەد
٤. بیسـت هۆنـراوەی خۆشەویسـتی و گۆرانییەکی نائومێدی / شـیعر ـ پابلۆ نێرۆدا، لە ئینگلیزییەوە: چیا
٥. فەلسـەفەی سیاسـی (سەرەتایەک) / فکر و فەلسەفە ـ نەوزاد جەمال
٦. سیمبولەکانی هزری کۆمەڵناسی هاوچەرخ / کۆمەڵناسی ـ . سەلاح مستەفا ئەلفەوال، لە عەرەبییەوە: توانا فەریدون حسـێن
٧. تەنیایی / تێڕامان ـ نووسـینی ئۆشـۆ و وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن
٨. وەفاداری / کۆمەڵە چیرۆک ـ نووسـینی ئادویل مایە پیەرس و وەرگێڕانی فاروق هۆمەر
٩. دیالەکتیـک و شـۆڕش / فکـری ـ نووسـینی میشـێل لوویـی و وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد
١٠. ئینجیلەکانـی مـن / دووبـارە گێڕانـەوە ـ ئیریـک ئیمانوێـل ئیشـمەیت، وەرگێڕانی شۆڕش غەفووری
١١. لەودیو پەیڤەکانەوە / لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ـ سـدیق سـەعید ڕواندزی
١٢. ژن لـە ژیانـی فیـدل کاسـترۆ/ بەدواداچوون و زانیاری ـ نووسـینی دیان دوکریە و وەرگێڕانی شێرزاد هەینی
١٣. هەتـا هەم چیرۆک دەگێڕمەوە/ کۆچیرۆک ـ فاروق هۆمەر
١٤. هێشـتا فرینم لێ دەتکێ / شیعر ـ جەمال غەمبار
١٥. سەربەسـتی/ تێڕامان ـ نووسینی ئۆشۆ و وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن
١٦. سـکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور / شیعر ـ هەندرێن
١٧. ژنە خامۆشـەکە / مەلیکە مەقەدەم ـ وەرگێڕانی شێرزاد هەینی
١٨. تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشـەکە/ کورتەچیرۆک ـ نووسینی هێمن زەندی